*Journal of Language Studies.* **Vol.8, No.2, 2024, Pages (183-206)**
**DOI: https://doi.org/ 10.25130/Lang.8.2.9**

IRAQI Academic Scientific Journals
العــراقيــة المجلات الأكـاديمية العلمية

**ISSN: 2663-9033 (Online) | ISSN: 2616-6224 (Print)**
**Journal of Language Studies**
**Contents available at: http://www.iasj.net/iasj/journal/356/about**

# The problem of language by Wittgenstein

**Motasam Ahmed Hamasharef***
**Salahadin University**
**ahmadmuatasam927@gmail.com**
**&**
**Dr. Rafiq Muhammed Mhedeen Shuani**
**Salahadin University**
**rafiq.shwany@gmail.com**

**Received:** 14/7 / 2023, **Accepted:** 2 / 8 /2023, **Online Published: 29 / 2 / 2024**

## Abstract
Wittgenstein believed that language is the central question of philosophy, and that philosophical problems arise from misunderstandings of logic and linguistic grammar. As a result, he believed that the primary duty of philosophy is to critique and study language. In his Tractatus and later works, Wittgenstein established the grounds and conditions for any linguistic expression to be considered meaningful. According to Wittgenstein, the only meaningful language is that which contains an image of the external world.

**Key Word :** language, meaning, logic, fact, image.

* **Corresponding Author**: Motasam Ahmed**, Email:** ahmadmuatasam927@gmail.com
**Affiliation**: Salahadin University - Iraq
© This is an open access article under the CC by licenses http://creativecommons.org/licenses/by/4.0

# إشكالية اللغة عند فيتجنشتاين

**الطلب ماجيستير. معتصم أحمد حمه شريف**

**جامعة صلاح الدين**

**و**

**ا.د . رفيق محمد محى الدين شوانى**

**جامعة صلاح الدين**

**المستخلص**

القضية الرئيسة في فلسفة فتجنشتاين هى اللغة، ينبع مشكل اللغة في فكره من الاهتمام بحل مشكلات الفلسفية، حيث يعزو جميع المشكلات المختلفة في تأريخ الفلسفة الى سوء فهم المنطق وقواعد اللغة، وقصر جميع المهام والواجبات الفلسفية في النقد وتحليل اللغة، لذالك في كتابه (تراكتاتوس) وفي كتابه (تحقيقات الفلسفية) لاحقا، قد وضع إجراء لإستخدام اللغة والشروط التى يجب توافرها في اى تعبير لغوى، لكى يعد من الناحية المعرفيه بالتعبير المعبر،حسب رأى فتجنشتاين إن اللغة المثالية هى اللغة الوحيدة التى فيهاالشروط المتاحة للتعبير عن المعانى هى اللغه التى فيها القدرة على تصوير العالم الخارجى.

**الكلمات الدالة:** اللغة، المعنى، المنطق، الحقيقة، الصورة.

# گرفتی زمان لای ڤیتگنشتاین[*]

**قوتابی ماستەر. معتصم أحمد حمه شريف**

**زانكۆی سەلاحەددين**

**و**

**پ.د رفيق محمد محى الدين شوانى**

**زانكۆی سەلاحەددين**

**پوختە**

پرسی سەرەکی لە تەواوی هزری ڤیتگنشتایندا بریتییە لە زمان، خاڵی بەگرفتبوونی زمانیش لەهزری ناوبراودا لەبیرکردنەوە لەچارەسەرکردنی کێشەکانی فەلسەفەوە سەرچاوەدەگرێت، کە هەموو کێشە

(*) ئەم توێژینەوەیە لە نامەیەکی ماستەر لە زمانی کوردی بەناونیشانی (گرفتی زمان لای ڤیتگنشتاین زمانی کوردی بە نموونە) وەرگیراوە کە لەلایەن خوێندکاری ماستەر (معتصم أحمد حمەشريف) و بە سەرپەرشتیی (پ. د. رفيق محمد محى الدين) ئامادەکراوە و هێشتا تاووتوێ نەکراوە.

جۆراوجۆرەکانی مێژووی فەلسەفە وەکو یەک پاکێج دەگەڕێنێتەوە بۆ تێنەگەیشتن لە لۆجیک و ڕێزمانی زمان، هەموو ئەرکی فەلسەفەشی لەڕەخنەکردن و شیکارکردنی زماندا کورتکردۆتەوە، هەربۆیە لەتراکتاتۆس و دواتریش لە کتێبی توێژینەوە فەلسەفیەکانیدا، ڕێوشوێنێک بۆ بەکارهێنانی زمان دادەنێت و ئەو هەلومەرجانە دەخاتە ڕوو کە دەبێت لە هەر دەربڕینێکی زمانیدا هەبن، بۆ ئەوەی لەڕووی مەعریفییەوە بەدەربڕینێکی واتادار هەژماربکرێن. بە بۆچونی ناوبراو تاکە زمانی نمونەیی کە هەلومەرجی واتاداربوونی تێدا بێت، ئەو زمانەیە کە توانای وێناکردنی جیهانی دەرەکی تێدابێت.

وشە کلیلیەکان: زمان، مانا، لۆجیک، فاکت، وێنە.

پێشەکی:

لێکۆڵینەوەکە بەناوی (گرفتی زمان لای ڤیتگنشتاین)ە، کەتێیدا تیشك دەخەینە سەرچیەتی زمان و خاڵی بە گرفتبوونی زمان لای ڤیتگنشتاین، هەروەها دیاریکردنی ئەو کایەو شوێنانەی کە لە جیهاندیدی ناوبراودا دەکەونە دەروەی هەژموون و قەڵەمڕەوی زمان و بەکارهێنانی زمان تیایدادەبێتە هۆی دروستبوونی تەمومژو ئاڵۆزی و گرفت، دواتریش چارەسەری هەموو ئەو گرفتانە لە تێۆری وێنەیدا وەك تەنیا زمانی پێشنیارکراو

گرفتی توێژینەوەکە:

ئەگەر زمان هەمیشە ئامراز و دەستوێژی متمانەپێکراوی گواستنەوەی بیرو هزربێ ،ئەوا لە لای ڤیتگنشتایندا ئەم ئامرازە بەتەواوی متمانەی خۆی لەدەستدەدات، بەوەی کە لە جیهاندیدی ئەم فەیلەسوفەدا هەموو کێشەکانی فەلسەفە بریتین لە کێشەی زمان، بەمانایەکیتر ئەوە کێشەی زمانە بووە بەکێشەی فەلسەفە ،لەم سۆنگەیەوە ئەم توێژینەوەیە بەدوای دەستخستنی وەڵامی ئەم پرسیارانەوەیە:

1-زمان لەلای ڤیتگنشتایندا چییە؟

2-زمان لە چ شوێنێکدا دووچاری ئاڵۆزی وگرفت ئەبێ،و لە چ بەستێنێکدا بێ کێشەو گرفتە؟

3-لۆجیك وگرامەری زمان لەتێروانینی ڤیتگنشتایندا چییە و دەتوانێت چیمان بۆ بکات لە نەهێشتنی کێشە زمانییەکان؟

4-ئەو زمانەتەواو لۆجیکی وباڵایە چییە،کە ڤیتگنشتاین وەکو زمانێکی بێکێشەو گرفت پێشنیاری دەکات؟

ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە: بەو پێیەی تەواوی کارەکانی ڤیتگنشتاین ئەکەونە ناو کایەی لۆجیك و فەلسەفی زمانەوە، بۆیە میتۆدی شیکاری وەکو گونجاوترین میتۆد لەم توێژینەوەیەدا بەکارهاتووە.

ناوەڕۆکی لێکۆڵینەوە:

لێکۆڵینەوەکە بێجگەلە پێشەکی وئەنجام لەدوو بەش پێکهاتووە:

بەشی یەکەم :تایبەتە بە خاڵی بەگرفتبوونی زمان لای ڤیتگنشتاین:

1-1زمان وەکو سەرچاوەی کێشەکانی فەلسەفە.

1-2-ڕەخنەگرتن و شیکارکردنی زمان وەك تەنها ئەرکی فەلسەفە.

بەشی دووەم: تایبەتەبە پەیوەندی زمان و جیهان لای ڤیتگنشتاین لە چوارچێوەی پەیامی لۆجیکی فەلسەفیدا:

1-2-جیهان

2-2-فاکتەکان و فاکتی بنەڕەتی(ئەتۆمی)
3-2-شت

4-2-تیۆری مانا وەك وێنە
**بەشی یەکەم:خاڵی بەگرفتبوونی زمان لە هزری ڤیتگنشتایندا**

**1-1. زمان وەك سەرچاوەی کێشەکانی فەلسەفە:**
ئەگەرچی سەدەی بیستەم سەدەی پەرەسەندن و جیابوونەوەی زانستەکان بوو، بەڵام بابەتەکە بۆ فەلسەفە پێچەوانە کەوتبووەوە، فەلسەفە وەکو حەکیمێکی نەخۆشی لێهاتبوو نەك هەر چارەسەری هیچ دەردێکی کۆمەڵی پێ نەکرا، بەڵکو بۆ خۆی نەخۆش بوو، ئەوەتە جون دیوی (1859 - 1952) ئەڵێ ((بەداخەوە فەلسەفە لەکاتی ئێستادا نەخۆشە، چونکە لە جیاتی ئەوەی نیشانەی نەخۆشیە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئەخلاقیەکان بدۆزێتەوە و چارەسەریان بۆ پەیدابکات، بە ئەندێشە گەلێکی میتافیزیکی و دوور لە واقعیەتی ژیان خۆی فەلەج کردووە، فەلسەفە ئەبێت لە جیاتی ئەوەی لە گۆشەیەکدا بەناوی (باسی مەعریفەت) گۆشەگیربێت و بەناو هەورەکانی سروشتدا گوزەربکات، لەسەر زەوی ڕاوەستێت و هەوڵی چارەسەرکردنی مەسەلەکانی ژیان بدات، دیوی هەوڵدەدات فەلسەفە بەهۆی خنکانی لەناو مەسەلە ئەبستراکتەکاندا – کە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لە زانست جیادەبێتەوە – لە زانستەکان نزیکبکاتەوە)) (میهرداد میهرین، 2012، 434). ئەمە ئەو بارودۆخەبوو، کە فەلسەفەی تیا کەوتبوو، کۆمەڵێك فەیلەسوف بیریان دەکردەوە، چۆن فەلسەفە لەم دۆخە دەربازکەن، گرفتەکە لەکوێدایە؟ بۆ فەلسەفە ناتوانێ بابەتەکانی یەکلاییبکاتەوە و بگات بە دەرئەنجامێکی یەکلاکەرەوە لە کێشە فەلسەفییەکاندا؟ لە ئەنجامدا کۆمەڵێك فەیلەسوفی وەك (گوتلوب فریگە و برتراند راسڵ و جۆرج ئیدوارد مۆر و لیودڤیگ ڤیتگنشتاین) کە لە دامەزرێنەرانی فەلسەفەی شیکارین، پێیان وابوو کێشەکە لەناو خودی زمان دایە، بە بۆچونی ئەوان زمان کێشەیەکە لە دەستپێکدا پێویستە ئەم کێشەیە چارەسەربکرێت، هەریەك لەم فەیلەسوفانە بە شێوازی خۆی لە هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەکە دابوو، بۆ نموونە فریگە جگە لە پێشنیازکردنی زمانێکی نموونەیی بۆ فەلسەفاندن وێنەی زەینی و واتاشی لەیەکتر جوداکردەوە، ئەو پێیوابوو ((ئەوەی ناکرێ بگوازرێتەوە بابەتێکی تایبەتە، ئەو وێنەیەیە کە وابەستەی زەینە، کەوابوو زەین داهێنەری وێنەی زەینییە، بۆیە لە زەین جودانابێتەوە و ناشتوانرێ دەرببڕدرێت، بەڵام واتا لەلایەن زەینەوە دەدۆزرێتەوە و دەتوانرێت دەرببڕدرێت، کەواتە لە دیدگای فریگەوە لەنێوان شتە زەینیەکان و واتادا پەیوەندیەك نییە)) (محمد مهدوی نژاد، زینب شکیبی،1394، 218) بە بۆچوونی "فریگە" واتا لە پەیوەندی لۆجیکی نێوان ڕەگەزەکانی گوزارەوە بەدیدێت، ئەو پەیوەندیەش ڕەنگدانەوەی پەیوەندیی لۆجیکی نێوان شتەکانی جیهانی دەرەوەیە، بۆیە هیچ پەیوەندیەکی بە زەینەوە نییە. ((جۆرج مۆر شێوازی خۆی لە دروست بەکارهێنانی زماندا ناودەنێت ((شیکاری)) مەبەستی، ئەو لەم زاراوەیە بریتییە لە پێناسەکردنی چەمکەکان، لە بەرهەمەکانی مۆر قسەیەك لەبارەی چیەتی ئەم چەمکانەوە نەکراوە ئەوەی لەم بارەیەوە هەیە، قسەکردنە لە بارەی دەربڕین و تێگەیشتن، ئەوەی لە کارەکانی مۆردا نوێیە ئازادکردنی هەقیقەتە لە کۆت و بەندی زەین)) ( سید محمد موسوی،1389 ، 149). کەواتە جۆرج

مۆریش لەم ڕووەوە بۆچوونی لە فریگەوە نزیکبوو، بەگشتی ((دەتوانرێ بگوترێ، کە مۆر و فریگە هەردووکیان لە هەوڵی دورخستنەوەی زەینداوبوون بۆ ڕزگارکردنی ڕاستی (هەقیقەت) لە ناڕوونی . بۆیە هەڵسان بە ئازادکردنی تێگەکان لە کۆت و بەندی زەین بەشێوە و شیکارێکی تایبەت، لەنێوان واتا و وێنە زەینیەکان دا جیاوازیان کرد)) (محمد مهدوی نژاد، زینب شکیبی، 1394، 22). بەڵام ڕاسڵ لە چارەسەری کێشە فەلسەفیەکاندا جگە لە جیاکردنەوەی فۆڕمی لۆجیکی لە فۆڕمی ڕێزمانی، شیکارکردنی بە میتۆدێکی دروست ئەزانی بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ زمان و دەستڕاگەیشتن بە مەعریفەی فەلسەفی، ئەو پێیوایە ((شیکارکردنی زمان بۆ یەکە بنەڕەتیکانی بە ڕادەیەکی زۆر لە شیکارکردنی مادده دەچێ .... شیکارکردنی ئەم زمانە بۆ هێما ئاڵۆزەکانی، ئینجا شیکارکردنی ئەم هێما ئاڵۆزانە بۆ هێما کەمتر ئاڵۆزەکان، دواتر شیکارکردنی ئەم هێمایە بۆ هێمای سادەتر وسادەتر لە کۆتایدا دەمان گەیێنێت بەو هێما سادەیەی کە ئیتر سادەتر ناکرێتەوە، ئەم هێمایەش بریتییە لە ئەتۆمەکان)) (یاسین خلیل،2014، 70). واتە دەستگەیشتن بە یەکە بنەڕەتییەکانی هزر. بەڵام ڤیتگنشتاین لەم بارەیەوە دەڵێ ((بە بەردەوامی دەبیستین کە دەوترێت فەلسەفە لەڕاستیدا هیچ پێشکەوتنێکی بەخۆوە نەبینیوە، لەبەر ئەوەی ئێمە سەرقاڵی هەمان ئەو پرسە فەلسەفیانەین، کە یۆنانیەکان پێوەی سەرگەرم بوون، بەڵام ئەوانەی ئەم جۆرە قسانە دەکەن، هۆکاری ئەوە تێناگەن، بۆچی ئەبێ بارودۆخەکە بەمشێوەیە بێت. هۆکارەکەش بۆ ئەمە دەگەڕێتەوە کە زمانی ئێمە هەمان زمانی بەجێماوە و دوچاری وەسوەسەی هەمان ئەو پرسیارانەمان دەکاتەوە ))(لودویك ویتگنشتاین، 1395، 40).

کەواتە ڤیتگنشتاین پێیوایە هۆکاری پێشنەکەوتنی فەلسەفە لە پێشنەکەوتنی زمانەکەمانەوە سەرچاوەی گرتووە، هەر بۆیە ڤیتگنشتاین هەوڵدەدات لە ڕێگەی زمانەوە چارەسەری هەموو کێشە فەلسەفیەکانمان بۆ بکات، ئەوەتە لە نامەیەکدا لە 13-3-1991 بۆ ڕاسڵ دەنووسێت ((کتێبێکم نووسیوە بە ناونیشانی (پەیامی لۆجیکی - فەلسەفی)بریتیە لە کۆی کارەکانی ئەم ساڵانەی دواییم . بە بۆچوونی خۆم چارەسەرێکی ریشەییم بۆ هەموو کێشە فەلسەفیەکانمان داناوە، لەوانەشە ئەمە وەکو جۆرێك لەخۆبایبوون (غرور)دەرکەوێت )) (لودفیغ فتغنشتاین ،2020، 62-63). هەر بەڕاستی بانگەشەیەکی زۆر گەورەیە، کتێبێك کە قەبارەکەی ناگاتە (٩٠) لاپەڕە، چارەسەری هەموو کێشەکانی فەلسەفەی کردبێت، بەڵام لە پێشەکی تراکتاتۆسدا دووبارە دڵنیای ئەوەمان پێئەدات، کە لەدوای ئەو کتێبەوە چیتر کێشەیەکمان نییە بەناوی کێشەی فەلسەفە ((من وای دەبینم ڕاستی ئەو بیرۆکانە لێرەدا خراونەتەڕوو گومان هەڵنەگرە و ئەوپەڕی دروستە. کەوابوو ئیتر من لەو باوەڕەدام، کە کێشەکان لە بنەڕەت و گەوهەردا بەیەکجاری چارەسەرو یەکلایی کراونەتەوە . ئەگەر من لێرەدا بەهەڵە دانەچووبم، ئەوا بایەخی دووەمی ئەم کتێبە لەوەدایە کە نیشانی ئەدات، چۆن بەکۆششێکی کەم ئەو کێشە و گرفتانە چارەسەرکراون)) (لۆدڤیگ ڤێتگنشتاین، 2015، 22)، پێویستە لێرەدا ئاماژە بەوە بکەین بە بۆچوونی ڤیتگنشتاین کێشەیەك بوونی نییە بەمانای کێشەی فەلسەفی، بەڵکو کێشەکە لەو ئامراز و دەستوێژانەودایە، کە پەیامی فەلسەفە دەگوازێتەوە، بەمانایەکی تر کێشەکە لەناو خودی زماندایە ((بە بڕوای من، بۆچی و چۆنیەتی هاتنە ئارای ئەم کێشانە ریشەکەی لە خراپ تێگەیشتنی لۆجیکی زمانمان دایە )) (لودویگ ویتگنشتاین، 1400، 1)، لەشوێنێکی تردا ئەڵێ ((زۆربەی هەرە زۆری ئەو دەستەواژە و پرسیارانەی دەربارەی بابەتەکانی فەلسەفە نوسراون هەڵە نین بەڵکو بێواتان. ئێمە ناتوانین ئەو جۆرە پرسیارانە وەڵامبدەینەوە، بەڵکو دەتوانین تەنیا هەر بێواتاییەکانیان بڕیاربدەین. زۆربەی هەرە زۆری پرسیار و دەستەواژەکانی فەلسەفە لەوەوە کەوتونەتەوە، کە ئێمە لە لۆجیکی زمانمان تێناگەین. ( ئەوان لەو جۆرە پرسیارانەن کە لەوە دەپرسن،

ئایا چاکەکاری پتر یا کەمترە لە جوانی). بۆیە سەیر نییە، کە گەورەترین و قوڵترین کێشە بەشێوەیەکی تایبەتی هیچ کێشە نین)) (لۆدڤیگ ڤیتگنشتاین، 2015، 41).

مەبەستی ڤیتگنشتاین ئەوەیە، ئەوەی کەپێی دەگوترێ کێشەی کێشەی فەلسەفی کێشەیەکە لە ناڕوونی و تەمومژی واتای گوزارەکانەوە سەرچاوەی گرتووە، چونکە ئەگەر گوزارە لە ڕووی ماناوە روونبوو، ئەوا بە ئاسانی ڕاست و هەڵە بوونی دیاریدەکرێت، بەڵام لە جیهاندیدی ناوبراودا تەنها گوزارەی زانستە سروشتییەکان ئەو هەلومەرجی روونبوونی واتایەی تیایە، بەمانایەکی تر ئەو تەنها گوزارەی زانستە سروشتییەکان بە واتادار ئەزانێ، چونکە گوزارەی زانستە سروشتییەکان وێنەی ئەو کەرەسانەن کە بوونی دەرەکیان هەیە ((ڕەوشی دروستی فەلسەفە لە ڕاستی دا بەم شێوەیەیە : نەگوتنی هیچ شتێك مەگەر ئەوەی کە دەتوانرێ بگوترێ، واتە گوزارەکانی زانستە سروشتییەکان – واتە شتانێك کە پەیوەندی بە فەلسەفەوە نییە)) (لودویگ ویتگنشتاین، 1393، 128)، ئەم بۆچوونەی ڤیتگنشتاین ئەوە ئەگەێنێ گوزارەکانی زانستە سروشتییەکان تەنها سەرچاوەی مەعریفەی ڕاست و دروستن، کە دەتوانن لەسەر جیهان شتمان پێبڵێن، بۆیە ((تێکڕای گوزارە راستەکان بریتییە لەهەموو زانستەکانی سروشت (یان تەواوی زانستە سروشتییەکان )) (لودویگ ویتگنشتاین، 1393، 56) لەبەر ئەوەی ئەم جۆرە گوزارانە بە ئاسانی دەتوانرێ هەڵەو ڕاستیبوونیان ساغبکرێتەوە، بەڵام (( فەلسەفە یەکێك نییە لە زانستە سروشتییەکان )) (لودویگ ویتگنشتاین، 1393، 56)، بۆیە ناتوانرێ ڕاستی و دروستی گوزارەکانی بسەلمێنرێ، تەنها ئەوە نەبێ دەتوانرێ بێ واتاییکەیان بخرێتە ڕوو، پێویستە ئەوەش بگوترێ کە لە دونیابینی ڤیتگنشتایندا (( فەلسەفە لە میتافیزیك و لۆجیك پێکهاتووە)) (جعفر مروارید، 1383، 61) بە بۆچوونی فەیلەسوفەکەمان گوزارەی میتافیزیکی لە پۆلی گوزارە بێواتاکانە(( بەڵام لەبارەی گوزارە بێواتاکان بابەتەکە جیاوازە. دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە گوزارە میتافیزیکیەکان باسی شتە ڕاستەقینەکان یاخود بەرجەستەکان ناکەن، بەو پێیە مامەڵە لەگەڵ ئەو بابەتانەدا دەکەن کە بە چاو نابینرێن .... ڕەگەز و پێکهاتەکانی مانای ورد و دیاریکراوی خۆیان نییە، زۆربەیان بە شێوەیەکی ئەبستراکت و گشتی باس لە بیرۆکەکان دەکەن، کە ئەمەش ورد نەبوون و ناڕوونی و ئاڵۆزی و سەرلێشێواوی لێدەکەوێتەوە، ئەمەش پێچەوانەی ئەوەیە کە ڤیتگنشتاین هەوڵی بۆ ئەدا . دیاریکردنی مانا بەوردی و بەراوردکردنی بە واقیع بەردی بناغەی ئەوەیە کە گوزارە زمانیەکان ڕاستن یاخود نا)) (عبدالله محمد الجسمی، 2000، 147) لێرەوە ئیتر هەموو کێشەکانی فەلسەفە ئەبن بە کێشەی زمانی و کێشەیەك بەناوی کێشەی فەلسەفە نامێنێتەوە ((بە بڕوای ڤیتگنشتاین کێشەی فەلسەفە کێشەیەکی چەمکین نەك واقیعی .... پرس و کێشە فەلسەفیەکان لە هەڵە تێگەیشتنەوە سەرچاوەیان گرتووە . چارەسەر یاخود نەهێشتنی ئەم کێشانە پێویستیان بە دۆزینەوەی نوێ نییە)) (حمید رضا مهدی و سعید ناجی، 1396، 16)، چیتر فەلسەفە تێۆری فێرکردن نییە و نابێ چاوەڕوانی دۆزینەوەی ڕاستی و گۆتنی ئەم ڕاستیانەمان لە زاری فەلسەفەوە هەبێ .

ڤیتگنشتاین لە هەردوو قۆناغی ژیانیدا هەمان باوەڕی هەبوو سەبارەت بە بوون و سەرچاوەی کێشەکانی فەلسەفە، واتە لەهەردوو قۆناغدا پێیوابوو کێشەی زمانین، بەڵام تەنها ئەوە نەبێ لە شێوازی ڕووبەڕوونەوەی ئەم کێشانەدا هەڵوێستی جیاوازی هەبوو((ڤیتگنشتاین لە توێژینەوەکاندا سنوری نێوان گەمە زمانیە جۆراوجۆرەکان دەکێشێ و پیشانی دەدا کە مانا دیاری ناکرێت لە زەمینە و گەمەی تایبەتی خۆیدا نەبێ، بۆیە تێکەڵکردنی سنورەکان و بەکارهێنانی وشەیەك لە گەمەیەکی زمانی تردا جگە لەو گەمە زمانیەی کە مانای وشەکە لەو بەستێنەدا تێدەگەین ئاکامێکی نیە تەنیا گومڕایی و سەرلێشێواوی نەبێ ....... بۆیە ئەبێ بە وریاییەوە سنوری نێوان گەمەکانی زمان بناسین و گرفتاری ئەم جۆرە تێکەڵکردنە نەبین )) (امیر رضا جوادی، 1400، 306)،

مەبەستی ڤیتگنشتاین لێرەدا ئەوەیە کە واتای وشەکان لەنێو کایە تایبەتەکانی خۆیاندا دەستنیشاندەکرێن، چونکە لەوانەیە یەك وشە لە دوو کایەی جیاوازدا دوومانای جیاواز بگەێنێ، لەوانەشە لە هەندێ کایە و زەمینەی تردا هەر مانای نەبێ بۆیە لەبەر چاونەگرتنی سنوری ئەم کایانە تەمومژ و ئاڵۆزی لەمانای وشەکان دا دروستدەبێت، ئەمەش ئەبێتە هۆی تێگەیشتنی هەڵە لەگوزارەکاندا بۆ نموونە وشەی (تۆپ) لەناو یاریگا مانایەکی جیاوازی هەیە لەوەی لە بەرەکانی جەنگدا بەکاردێت .

## 2-1 ڕەخنەگرتن وشیکارکردنی زمان وەك تەنها ئەرکی فەلسەفە

هەروەها سەبارەت بە ئەرکی فەلسەفەش((بەدرێژایی مێژووی فەلسەفە هەمیشە وابیر دەکرێتەوە، فەلسەفە بەشێکە لە گەڕانمان بەدوای هەقیقەتدا)) (بیتر هکر، 1400، 7)، سوکرات زۆر بەڕوونی لە گفتوگۆی (سیاتینۆس)دا ئەرکی فەلسەفە و فەیلەسوفمان بۆ دەستنیشاندەکات. باسی ئەوە دەکات، کە دایکی هونەری مامانی کردووە، ئەویش هەمان هونەری دایکی هەیە، بەڵام ئەو یارمەتی پیاوان دەدات، بۆ ئەوەی منداڵەکانیان (داناییەکانیان) لەدایکببێت ((سوکرات:- مامانی هونەرێکی باڵایە، بەڵام بەئەندازەی هونەرەکەی من باڵا نییە، چونکە ڕوونادات، ژنان هەندێجار منداڵی هەقیقیان ببێت و هەندێجاریش خەیاڵ و تارمایی، تا ناسینەوەی ئەوانە لەیەکتر دژوار بێت، ئەگەر وابووایە لایەنی گرنگی مامانی دەبوو بە ناسینەوەی منداڵی هەقیقی لە منداڵی درۆیین... جیاوازی هونەرەکەی من لەوەدایە، پیاوێك کە لەکاتی منداڵبووندایە، ئەزانم، منداڵێکی ناتەواو و درۆینەی دەبێت یاخود منداڵێکی کامڵ و ڕاستەقینە)) (افلاطون، 1380، 1292)، لەم تێکستەی سەرەوە سوکرات وەکو فەیلەسوفێك ئەرکی خۆی ئەخاتەڕوو، کە بریتییە لە پشکنین و دەستنیشانکردن و جوداکردنەوە؛ جوداکردنەوەی هەقیقەت لە خەیاڵ، جوداکردنەوەی هەقیقەت لەو تارماییانەی کە دەخوازن لە بەرگی هەقیقەت و ڕاستیدا خۆیانمان پیشانبدەن و بمانخەڵەتێنن، جوداکردنەوەی ڕاستی لە ساختە و درۆینە. هەروەکو ڤیتگنشتاین دەڵێ ((فەلسەفە جەنگێکە لە دژی جادوکردنی عەقڵمان لەڕێگای زمانمانەوە )) (لودویك ویتگنشتاین، 1399، 71)، جا ئەو هێزەی کە متمانەی پێدەکرێت ئەم ئەرکە گرنگەی جیاکردنەوەی(ڕاستی و هەقیقەت لە ساختە و درۆینە)یە لەئەستۆ بگیرێت، تەنها لەدەسەڵاتی عەقڵ و پرێنسیپەکانی عەقڵ دایە. تاکو هاتنی کانت فەیلەسوفەکان پێیان وابوو عەقڵ ئاوێنە ئاسا دەتوانی (ڕاستی) شتەکانمان پیشانبدات (بەڵام بە بۆچوونی کانت عەقڵی مرۆیی جیهانمان وەکو ئەوەی کە خۆی هەیە پیشانناداتەوە، چونکە عەقڵ خۆی خاوەنی کۆمەڵێ چەمکی پێدراوی زگماکییە (فطری)، بۆیە زانیارییە ئەزموونیە هەستەکیەکان کە دێنە ناو مرۆڤەوە بەر ئەم چەمکە پێش ئەزموونیانە دەکەون، کە کانت ناویان دەنێی (عەقڵی پەتی) یان (عەقڵی ڕووت) لە دەرئەنجامدا عەقڵ جیهانمان بەو شێوەیە پیشاندەدات، کە بۆی دەردەکەوێت نەك بەوشێوەیەی کە هەیە) (امیررضا جوادی، 1400، 15-16)، جگە لەوەش کانت لە کتێبی(ڕەخنەی عەقڵی پەتی) ((هەوڵیدا بەرپرسیارەتییەکی تر بخاتە سەر عەقڵ، جگە لەوەی کە لەسەر شانی بوو لە ناسینی بوون (الوجود)بە شێوە هەمەکیەکەی، بەوەی عەقڵی ڕووت(پەتی) خۆی ڕەخنە بکات، بەمەش ئەو هەڵانەی ڕابردووی لێدادەماڵرێ و پارێزراو دەبێت لە هەموو ئەوەی لە دەرەوەی توانایەتی. بە دەربڕینێکی ڕونتر ئەو ئەرکە نوێیەی بە عەقڵ سپێردراوە (دوای کردەی هەڵسەنگاندن)، پشتگوێخستنی پرسە میتافیزیکیەکان و گرنگی نەدانە پێیان، لەبەر ئەوەی هەڵەی ڕابردوون و پێویستە دووربخرێتەوە و عەقڵیان لێپاکبکرێتەوە)) (حازم عبدالجبار حسن، 2019، 27-28) ئەمەی کانت کردی وەچەرخانێکی گەورەبوو لە مێژووی فەلسەفەدا، فەلسەفەی لە بووناسییەوە وەرگێرایە سەر عەقڵ وەکو سەرچاوەی مەعریفەی مرۆڤایەتی، بەڵام ((ئەگەر کانت بە شۆڕشە کۆپەرنیکییەکەی خۆی سەرنجی بیرمەندانی لەو بابەتانەی کە مەعریفە پەیوەستە پێیانەوە

وەچەرخاندبێ بەلای چییەتی مەعریفە و سنوری مەعریفەوە، ئەبێ ڤیتگنشتاین بە خاڵێکی دیکەی وەچەرخان بزانین، چونکە سەرنجی لە (هزرەوە) وەچەرخاندە سەر زمان و شێوازی کارکردنەکەی، خاڵی تێرامانی فەلسەفی هێنایە سەر زمان)) (امینە غروی، 1385، 4).

لێرەدا هەروەکو چۆن کانت پێیوایە کە بابەتە میتافیزیکیەکان بابەتی سەروو ئەزمونین (ترانسدنتال)ن و دەکەونە دەرەوەی هەژموون و دەسەڵاتی عەقڵ، لەلای ڤیتگنشتاینیش بابەتە میتافیزیکیەکان نایێنە ناو قەڵەمڕەوی زمانەوە، هەرکاتێکیش زمان ویستبێتی قسە لەو جۆرە بابەتانە بکات، تەنها بێمانایی بەرهەمهێناوە((خۆ ئەگەر هەمیشە، یەکێکی دیکە بیەوێ شتێکی میتافیزیکی بڵێ، دەبێ بۆی ساغبکرێتەوە، کە ئەو چەندین نیشانە و سمبولی لە دەستەواژەکانیدا بەکارهێناوە هیچ دەلالەتی پێنەبەخشیوون)) (لۆدڤیگ ڤیتگنشتاین، 2015، 113)، چونکە بەبۆچوونی ڤیتگنشتاین دەلالەتی هەر ناوێك بریتییە لەو شتەی کە ئەم ناوە ئاماژەی پێدەکات لە دەرەوە، کە ناوەکان ناولێنراویان نەبوو لەدەرەوە لە دەرئەنجامدا گوزارەکانیش دەبن بە گوزارەی بێمانا. لێرەدا دوای ئەوەی زانیمان ڤیتگنشتاین ڕەتیدەکاتەوە فەلسەفە قسە لە بابەتە میتافیزیکیەکان بکات((پرسیارێك دێتە ئاراوە کە پەیوەندی بە سروشتی هەقیقەتەوە هەیە، ئەگەر فەلسەفە لە رووی مێژووییەوە گەڕان بووبێت بەدوای سروشتی هەقیقەتدا و زۆربەی لێکۆڵینەوەکانیشی میتافیزیکیین، کەواتە دوای ئەوەی میتافیزیکی ڕەتکردەوە، تێڕوانینی چیە بۆ هەقیقەت)) (عبداللە محمد الجسمی، 2000، 1150)، کەواتە لێرەوە دووبارە پرسیارکردن لەبارەی بابەتی (موضوع) فەلسەفە دێتەوەوە ئارا((ڕەنگە ئەوەی وای کرد، کە فەلسەفەی شیکاری وەك شۆڕشێك وەسف بکرێ، ڕێکەوتنی هەموو ئەندامەکانی بێت لەسەر ئەوەی کە یەکەمین شت دەبێ فەلسەفە بیکات ئەوەیە کە بەوردی بابەتەکەی خۆی دیاری بکات، بۆ ئەوەی هاوشێوەی زانست بێت، چونکە زانستی ئەزموونی تەنها بەدیاریکردنی بابەتەکەی پێشکەوت، لەبەر ئەوە ئەبینین فەیلەسوفانی شیکاری سەردەم دەڵێن بابەتی فەلسەفە ناکرێت واقیع بێت، چونکە واقیع بابەتی زانستی ئەزموونییە)) (د. جمال حمود، 2014، 236)، کەواتە ئەگەر واقیع بابەتی زانستی ئەزموونی بێت و میتافیزیکیش سەرچاوەی کێشەکانی فەلسەفەبن و بە بۆچوونی ڤیتگنشتاین پێویست بێت فەلسەفە خۆی لە بابەتە میتافیزیکییەکان بەدووربگرێت، کەواتە دەبێ بپرسین ئەی بابەتی فەلسەفە و ئەرکی فەلسەفە چییە لەم نێوەندەدا؟! ڤیتگنشتاین لە وەڵامی پرسیارەکەمان دەڵێ((بابەتی فەلسەفە بریتییە لە ڕوونکردنەوەی لۆجیکیانەی بیرۆکەکان. فەلسەفە تێۆرێك نییە لە تێۆرەکان، بەڵکو چالاکییە. بۆیە کاری فەلسەفی لە بنەڕەتدا لە ڕوونکردنەوەکان پێکهاتووە. ئەنجامی فەلسەفە چەند گوزارەیەکی فەلسەفی نییە، بەڵکو ڕوونکردنەوەی گوزارەکانە. پێویستە فەلسەفە کار لەسەر ڕوونکردنەوەی بیرۆکەکان بکات بەوردی، ئەگەرنا بیرۆکەکان بە لێڵی و تەمومژاوی دەمیننەوە)) (لودفیج فتجنشتین، 2021 ، 112). مەبەستی ڤیتگنشتاین ئەوەیە کە فەلسەفە خۆی هیچ قسەیەك لەبارەی جیهانەوە ناکات، بەڵکو ئەرکی ئەو تەنها ڕاڤەکردنی ئەو قسانەیە کە زانست لەبارەی جیهانەوە دەیانکات بە مانایەکیتر ((ئەو گوزارانەی کە فەلسەفە ڕوونیان ئەکاتەوە حۆیان گوزارەی فەلسەفی نین، بەڵکو گوزارەی نا فەلسەفین لەبارەی جیهانەوە. هەرکاتێك ئەم گوزارانە ڕوونبوونەوە، بەم شێوەیە فەلسەفە لە گوزارە نافەلسەفیەکاندا ئەو شتە پیشان ئەدات کە بەگوزارە فەلسەفیەکان ناگوترێ))(آنتونی کنی، 1392، 34)، بە کورتی ئەرکی فەلسەفە لە لای ڤیتگنشتاین بریتییە لە ڕەخنەگرتنی زمان (( فەلسەفە هەمووی بریتییە لە ڕەخنەگرتنی زمان)) (لودفیج فتجنشتین، 2021، 103)، چونکە بە بۆچوونی ناوبراو هۆکاری هەموو کێشە فەلسەفیەکان لە تێنەگەیشتن لە لۆجیکی زمانەکەمانەوە سەرچاوەی گرتووە، واتە کێشەکان لە خودی خۆیاندا کێشەیەکی ڕەسەن نین، بۆیە((دەتوانین بەگەیشتن بەوەی کە تێگەیشتنێکی دروستمان هەبێ لە بارەی ئەوەی کە زمان چۆن کاردەکات، کێشەکانی فەلسەفە

چارەسەربکەین. بە بۆچوونی ڤیتگنشتاین کاتێك لەتوانادا هەیە، چارەسەری کێشەکانی فەلسەفە بکرێ، کە لە لۆجیکی زمان تێبگەین. لەڕاستیدا ئەم بابەتە بیرۆکەیەکی زاڵە لە تەواوی فەلسەفەی ڤیتگنشتایندا، قۆناغی یەکەم و دووەمی فەلسەفەی ئەو بەیەکەوە دەبەستێت)) (حمید رضا محمدی و سعید ناجی، 1396، 16).

جا لەبەرئەوەی لە جیهاندیدی ڤیتگنشتایندا کێشەکانی فەلسەفە کێشەگەلێکی وەهمی و ناڕاستن یان جوانتر بڵێین کێشە گەلێکن، تەنها لەناو کەشی زماندا درووستدەبن، هەر بۆیە بەپێویستی ئەزانێ ڕێوشوێنێك یاخود سنورێك بۆ بەکارهێنانی زمان دابنێ، تاکو چیتر فەلسەفە نەکەوێتە ناو دۆخی بەرهەمهێنانی ئەو جۆرە کێشە ساختانە. زیادە ڕۆی نییە ئەگەر بگوترێ یەکێ لە ئامانجە هەرە لەپێشینەکانی نوسینی تراکتاتۆس دانانی ئەو ڕێوشوێن ومەرزەیە بۆ زمان، ڤیتگنشتاین لە پێشەکی تراکتاتۆسدا دەنووسێت((ئەم کتێبە ئەیەوێ سنورێك بۆ بیرکردنەوە دابنێ، یان جوانتر بڵێین نەك بۆ بیرکردنەوە، بەڵکو بۆ دەربڕینی بیرۆکەکان))( لودویگ ویتگنشتاین، 1398، 1)، چونکە ناکرێ بیرکردنەوە پابەندی سنور بکرێ، بەڵام ئەمە لەگەڵ زمان ودەربڕیندا کارێکی ئەستەم نییە، هەربۆیە (( دیاریکردنی واتای وردی دانە زمانیەکان (المفردات اللغوية)خەمی یەکەمی ڤیتگنشتاین بوو، هەروەها گەیشتن بە بەهای گوزارە زمانیەکان، کە دەمانبات بەرەو ڕاستی یاخود ناڕاستییان خەمی دووەمی ئەو بوو))( لذة العتيبي، 2020، 49).

ئەوەی تا ئێستا باسکرا تێڕوانینی ڤیتگنشتاینی یەکەم بوو لەبارەی چۆنیەتی چارەسەری کێشەکانی فەلسەفە لەڕێگەی ڕەخنەکردن و شیکارکردنی زمانەوە، بۆچوونی ڤیتگنشتاینی دووەمیش سەبارەت بە سەرچاوەی دروستبوونی کێشەکانی فەلسەفە هیچ گۆڕانکارییەکی بەسەر نەهاتووە، لەوەی کە پێیوایە((ئەو کێشانە کە لە فەلسەفەدا ڕووبەڕوومان دەبنەوە، کێشەی ئەزموونی نین، بەڵکو هەڵەتێگەیشتنێکە کە ڕەگوڕیشەی لە تێنەگەیشتن لە لۆجیکی زمانەکەماندایە )) (حمید رضا محمدی وسعید ناجی، 1396، 17) ئەوەتە لە کتێبی ( توێژینەوە فەلسەفیەکان)دا دەڵێ ((چونکە کاتێك کێشە فەلسەفیەکان ڕوودەدەن، کە زمانەکەمان چوبێتە پشوو)) (لودویگ ویتگنشتاین، 1398، 57)، مەبەستی ئەوەیە ئەم کێشانە کاتێك ڕوودەدەن، کە زمان ئەرکی خۆی جێبەجێ نەکات، بۆیە کاتێك بەوورد و ڕوونی ئەرکەکانی زمانمان دیاریکرد هەروەها ئاگایانە و تەواو زمانمان بەکاربرد، ئەم کێشانە بۆخۆیان نامێنن، بەڵام پێویستە لێرەدا ئاماژە بەوەش بکەین، کە ڤیتگنشتاین لە قۆناغی دوومیدا دیدگای جیاوازی هەیە بۆ چارەسەری کێشە فەلسەفیەکان، ئیتر پێوانییە بەدانانی زمانێکی ئایدیاڵی هێمایی کێشەکان چارەسەر ببن ((بەو پێیەی کە کێشەکانی فەلسەفە ڕەگوڕیشەی لە بێتوانایی ئێمەوەیە لە تێگەیشتنی دەربڕینی ئەو ڕێزمانەی کە هەیە، بۆیە گۆڕینی زمانەکە بۆ زمانێکی بەناو ئایدیاڵ، نابێتە هۆی نەهێشتنی ئەو کێشانە، بەڵکو پەردەپۆشیان ئەکات)) (حمید رضا محمدی وسعید ناجی، 1396، 18)، ئەوەی کە ڤیتگنشتاین لەقۆناغی دووەمیدا زۆر جەختی لەسەر ئەکات و جێگای بایەخێتی بابەتی ڕێزمانە((ئەمەش وای کردووە کە گرنگترین چەمك بێت لە فەلسەفە نوێیەکەیدا، تا ئەو ڕادەیەی هەندێ کەس باس لە (وەچەرخانی ڕێزمانی) دەکەن بۆ ئاماژەکردن بەوەی کە بە قۆناغی دووەم دەناسرێت ))(عبد الرزاق بنور، 2007، 71) بەڵام چەمکی ڕێزمانی لەلای ڤیتگنشتاینی دووەم مانایەکی دیکەی هەیە جیاواز لەو مانا ڕووکەشیەیی کە لە تراکتاتۆسدا تانەی لێدەدات، بەوەی کە فۆڕمی ڕێزمانی فۆڕمە لۆجیکیەکەی گوزارەکانمان لێ وندەکات، ((ڕێزمانێك کە جێگای مەبەستی ڤیتگنشتاینە، جیاوازی بنەڕەتی هەیە لەگەڵ تێگەیشتنە باوەکەی ڕێزماندا، خودی ڤیتگنشتاین ئەم ڕێزمانە یەك لەدوای یەك بەڕێزمانی قووڵ و ڕێزمانی ڕووکەش ناودەبات . ڕێزمانی ڕووکەش ئەوەیە کە یەکسەر گاریگەریمان لەسەر دادەنێ کاتێك کە وشەیەك بەکاردەهێنین ...... لەکاتێکدا دەتوانرێ ڕێزمانی قووڵ وەك ڕێزمانی بەکارهێنانی درووستی وشە لەگەمەی زمانی

تایبەتدا پێناسە بکرێ )) (امیر رضا جوادی، 1400، 248)، هەروەکو باسکرا لە جیهاندیدی ڤیتگنشتاینی دووەمدا کێشەکانی فەلسەفە کێشەی گرامەرین-گرامەری رووکار- نەك ئەزموونی، واتە پەیوەندییان بەشێوازی بەکارهێنانی وشەو ڕێزمانەوە هەیە نەك ئەوەی کێشەی ڕاستەقینە بن، چونکە ئەگەر کێشەیەك بەڕاستی بوونی هەبێ ئیتر ئەبێ ئێمە بەشێوەیەکی ئەزموونی و پراکتیکی لە پای چارەسەرکردنیدا بین، لەبەرئەوەی کە دەڵێن کێشەی ئەزموونی واتە ((یەکەم، دەبێ دەربارەی دیاردەیەك بێت لەجیهانی دەرەکیدا، واتە لەبارەی مانا یان بەکارهێنانی وشەکان یان ڕستە و گوزارە بێواتاکان نەبێت، دووەم، بتوانرێ لە ڕێگەی ئەزموون یان بینینەوە قبوڵ یاخود ڕەت بکرێتەوە))( جعفر مروارید، 1383، 62) بەڵام کێشەو پرسە فەلسەفیەکان لەم جۆرە کێشانە نین، بەڵکو کێشەی زمانین و پەیوەندیان بە گرامەری زمانەکەمانەوە هەیە بەمانایەکی تر گوزارە فەلسەفیەکان گوزارەی گرامەرین. جا بەوجۆرە گوزارەیە ئەوترێ گرامەری کە((بەشێوەیەکی ڕوون یان شاراوەیی پەیوەندیان بە دەربڕینەوە هەبێ، واتە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ دەربارەی واتای وشەکان بێت))( جعفر مروارید، 1383، 62) ئەتوانین لێرەدا بە دوو نمونە جیاوازی گوزارەی گرامەری و گوزارەی ئەزموونی ڕوونبکەینەوە :

1- سوپایەك لەپشتی ئەم گردەوەیە .
2- هەموو بێوەژنەکان بێ پیاون .

گوزارەی یەکەم ئەزموونیە چونکە تەنها بە بینین ئەزانی ڕاستە یاخود نا، بەڵام گوزارەی دووەم گرامەرییە تەنها بەمانای وشەکان ئەزانین ڕاستە یاخود نا .

جا ئەو بابەتە ڕێزمانییانەی کە ڕوونن، بە سانایی لەلایەن ڕێزمانوسەکانەوە دەستنیشان ئەکرێن بۆ نمونە وشەی (جوان) لە بنەڕەتدا هاوەڵناوە، ناونییە یان وشەی (کێ) پرسی پێ لە مرۆڤ دەکرێت نەك گیاندارانی تر یاخود لە ڕستەی (ئەوان ڕۆیشتن) وشەی (ڕۆیشتن) کارە نەك چاوگ. ئەمانە پەیوەندییان بەلایەنی رووکاری ڕێزمانەوە هەیە، بەڵام چەمکی گرامەری قووڵ لای ڤیتگنشتاین (( پەیوەندی بە پێکهاتە و لێکدانەوە نییە وەك ئەوەی چاوەڕوانی ئەکەین، بەڵکو پەیوەندی بە واتاوە هەیە، ڕێسا ڕێزمانییەکان پەیوەندییەکانی نێوان دەربڕینەکان دیاری ناکەن، وەك ئەوەی لە پێناسە باوەکەی ئەرکی ڕێزماندا هەیە، بەڵکو پەیوەندییەکانی نێوان زمان و واقیع دیاری ئەکەن، بەوشێوەیەی کە گونجاوە بۆ زانستی واتاسازی نەك ڕستەسازی ))( د. عبدالرزاق بنور، 2007، 76)، چونکە ڕستە سازی تەنها فۆڕمە رووکاریەکەی ڕستەکانمان بۆ دیاری دەکات ئەوەی لە بنەڕەتدا ئەشێ بە چ پێکهاتەیەك بگوترێ ڕستە، ئەمەش لە کەمترین ئاستی پێکەوە گونجانی پێکهاتەکاندا بەدی دێت، کە شوێنی هاتن و ڕیزبوونی پۆلە فۆڕمەکانە بەپێی ڕێزمانی هەر زمانێك . بەڵام گرامەر لەلای ڤیتگنشتاین لە کەمترین ئاستی پێکەوە نەگونجانی واتاییانەی وشە و دەستەواژەکان دەکۆڵێتەوە لەناو هەر گەمەیەکی زمانیدا ((ڕێزمان تا ئاستێك هەمان ئەو پەیوەندیەی بە زمانەوە هەیە کە ڕێساکانی هەر یارییەك بەو یارییەوە هەیەتی، بەم شێوەیە هەر وەکو چۆن ڕێساکانی یارییەك ئەو یارییە پێکدێنن و ئەو کردارو جوڵانانەی کە لەو یارییەدا ئەنجام ئەدرێن؛ ڕێگە پێدەدەن، ڕێزمانیش کایەی زمان و ئەو جوڵە زمانەوانیەی کە لەناو ئەو یاریەدا ڕوو ئەدەن درووست دەکات و لەسەر ئەم بنەمایە هەندێ جوڵەی زمان ڕێگە پێدراوە و هەندێکیش قەدەغەکراون))( امیر رضاجوادی، 1400، 247)، جا هەر یاریەک یاسا وڕێسای تایبەت بەخۆی هەیە، بۆیە هەر جوڵەیەك لە دەرەوەی ڕێساکانی ئەو یارییە فێڵێکە یاخود جادویەکە لە عەقڵ، لەلای ڤیتگنشتاین ئەرکی فەلسەفە لێرەوە دەستپێدەکات ((فەلسەفە شەڕێکە دژی ئەو جادووەی کە فۆڕمەکانی دەربڕین بە سەرماندا ئەیسەپێنن))( لودویگ ویتگنشتاین، 1385، 47) ئەمەش لە دەرئەنجامی تێکەڵبوونی ڕێسای گەمەیەکی زمانی بەگەمەیەکیتر بەهۆی ئەو لێکچوون و نزیکیانەی

لەگەڵ یەکتردا هەیانە، لە ڕێزمانی ڕووکاری ڕۆژانەدا دێنە ئاراوە بۆ نمونە ((ئێستا ئەگەر بپرسین چەند لە قوتابیەکانی زانکۆ گۆشت ناخۆن ؟ یان چەند لە قوتابیەکانی زانکۆ مەی ناخۆنەوە ؟ پرسیارەکانمان واتادارن . بەڵام ئەگەر بپرسین چەند لە قوتابیەکانی زانکۆ بوونیان نییە؟ پرسیارەکەمان بێ واتایە .((سووری)) سیفەتێکە هەندێ لەشتەکان هەیانەو هەندێکیشیان نیانە، بەڵام ئایە ((بوون) یش سیفەتێکە ئەتوانین بیدەینەپاڵ هەندێ لە شتەکان و لە هەندێکیان وەرگرینەوە ؟)) (پیتر هکر، 1400، 10)، هەڵبەتە فەلسەفە پێمان ئەڵێ نەخێر((بوون)) لێرەدا لەناو گەمەیەکی زمانی هەڵەدایە بۆیە ئەکرێ بگوترێ نمونەی فەلسەفە وەکو ئەو ناوبژیوانەیە کە چاودێری جوڵەی وشەکان ئەکات لە ناو هەر گەمەیەکی زماندا و دەستنیشانی ئەو دەکات وشەکان لەکوێدا لە ڕێساکانی گرامەری زمانەکە لایانداوە و بەهەڵە بەکارهاتوون و لە دەرئەنجامشدا وەکو کێشەیەکی فەلسەفی بۆ ئێمە دەرئەکەون، بەڵام بەهۆی ڕەخنە گرتن وبەکارهێنانی دروستی ڕێزمانی زمانەوە هیچ یەك لەو وەهم و تارماییانە نامێنن کە ناومان نابوو کێشەی فەلسەفی، واتە لە کۆتاییدا نەپرسیارێك لە ئارادایە بەناوی پرسیاری فەلسەفی نە کێشەیەکمان هەیە بەناوی کێشەی فەلسەفی، بەڵکو ئەوەی هەیە هەڵە بەکارهێنانی ڕێزمانی زمان و تێنەگەیشتنە لە لۆجیکی زمان.

**بەشی دووەم: پەیوەندی جیهان و زمان لای ڤیتگنشتاین لە چوارچێوەی (پەیامی لۆجیکی-فەلسەفی)دا**

**1-2جیهان**

نموونەی جیهان و زمان لە تراکتاتۆس وەکو هەرشتێکی ماددی و نیگارەکەیێتی، چونکە زمان ئاوێنە ئاسا شتێك دەنوێنێ کە خۆی نیە، ئەو شتەش کە دەینوێنێ بریتیە لە جیهان ((جیهان لە پەیکاڵ بووندایە (تطابق) لەگەڵ زماندا بە جۆرێك ناتوانرێت لە یەکیان جیابکەینەوە ... لەدواییشدا سنووری زمان بریتیە لە سنووری جیهان، گوزارەکانیش باسی پەیکەری جیهانمان بۆ دەکەن)) (بلبولة مصطفى، 2010، 172).ئەکرێت بڵێین (( ئەو بابەتە سەرەکیەی کە "پەیامی" بەخۆیەوە سەرقاڵ کردووە، جیهان و زمان و پەیوەندی نێوان ئەم دووانەیە، پاشان بابەتگەلی تر دێن کە هەرهەموویان ئەم بابەتە سەرەکییە دەیان خوازێ و بەدەوری تەوەری ئەم بابەتە سەرەکیەدا دەسوڕێنەوە وەکو چیەتی لۆجیك و وێنەی لۆجیکی ئامانجی فەلسەفە و بابەتی ئەخلاقی و ئایینی و چەمکی ژیان )) (صلاح اسماعیل، 2008، 35).

لە تراکتاتۆسدا پەیوەندی جیهان و زمان بەجۆرێك تێکچرژاو و وابەستەی یەکترن کە ئەستەمە بەبێ ئامادەبوونی هەردوکیان لە هیچ کامیان بگەین، لەو شوێنەی کە تێگەیشتین لە جیهان و پێکهاتەی جیهان خۆی نادات بەدەستەوە، دەبێ بگوێزینەوە بۆ ئاستی زمان و لەوێدا بەدوای وێنەکەیدا بگەڕێین پێچەوانەکەشی هەر ڕاستە ((ناتوانین لە شیکاری زمان لای ڤیتگنشاین تێبگەین بەبێ تێگەیشتن لە شیکاری جیهان، چونکە زمان و جیهان لەلای ڤیتگنشاین لە پەیوەندی هاو تەریبدان لەگەڵ یەکتردا )) (دکتور فیصل غازی مجهول، 2009، 79).

لێرەدا ئەتوانین بڵێین ڕاڤەکارانی تراکتاتۆس هاوڕان لەسەر ئەوەی پرۆسەی شیکارکردن (( لە پەیامدا بە دوو هێڵی تەریبدا دەڕوا، کە یەکێکیان جیهانە و ئە ویتریان زمان، جیهان بونیادێکی هەیە و زمانیش بونیادی خۆی هەیە ... جەوهەری زمان خۆی دەبینێتەوە لە نواندنی شتەکان بەو شێوازەی کە لە واقیع دا هەیە، ئەم نواندنە کاتێك شیاوە کە ڕێککەوتنێك هەبێ لە وێنەکەدا واتا لە نێوان ئەوەی هەر گوزارەیێك دەینوێنێ لەگەڵ نوێنراوەکە کە فاکتە )) (صلاح اسماعیل، 2008، 35).

جـگـە لەوەی ڤیتگنشاین پێی وایە لێکچونێك لەنێوان پێکهـاتەی زمان و پێکهاتەی جیــهاندا هەیە، کە دواتر ئەم لێکــچوونە لە تیــۆری وێنەیی دا بە درێژی باسـدەکەین، پێویـستـە بۆ ڕاســتی و ناڕاستی هەر گوزارەیێکیش بــگەڕێــینــەوە بۆ جیهان تا بزانین ئاخۆ ئەو فاکتە بوونی هەیە یاخود نا (( برتراند راسل لە سەرنجێکیدا لەسەر "پەیامی" ڤیتگنشاین ئەڵێ لەوانەیە بیرۆکەی سەرەکی لە فەلسەفەی "پەیام" دا لەوەدا شارابێتەوە کە گوزارە وێناکردنی ئەو فاکتانەیە کە جێگیریان دەکات. ئەوە ڕوونە کە نەخشە زانیاریمان ئەداتێ، زانیارییەکە ڕاستە یاخود هەڵەیە، جا ئەگەر زانیارییەکە راست بوو، ئەوە لەبەر ئەمەیە کە لێکچوونێك هەیە لەنێوان بونیادی نەخشەکە و ئەوناوچەیەی کە نەخشەکە دەینوێنێ ))( بلبولة مصطفی، 2010، 70)، چونکە (( تەنیا هەر بەوە دەکرێ دەستەواژە راست یان هەڵە بێت کە ئەو وێنەیێکی هەڵکەوتی ڕاستەقینە بێت )) (لودڤیگ ڤتگنشتاین، 2015، 46). وا ئەزانم ئێستا کاتی ئەوە هاتبێ بپرسین کەواتە جیهان لە دونیابینی ڤیتگنشایندا چیە و لە چی پێکهاتووە؟

هەر یەکێك لە ئێمە ئەگەر وەڵامی ئەم پرسیارە بدەینەوە دەڵێین جیهان پێکدێت لەکۆی هەموو ئەو "شتانە"ی کەلە دەوروبەرماندا هەن، بەڵام ڤیتگنشاین بە پێچەوانەوە پێیوانیە جیهان لە "شت" پێکهاتبێ ئەوەتە لەم بارەیەوە ئەڵێ :

- جیهان هەموو ئەوەیە کە لەوێیە .
- جیهان کۆی فاکتەکانە نەك شتەکان.
- ئەوە کۆی فاکتەکانە دیاریدەکا چی لەوێدایە و چیش لەوێدا نیە.
- جیهان شیکار ئەبێتەوە بۆ فاکتەکان. (لودفیج فتجنشتین، 2021، 79).

ئەوەی لەم بەندانەی سەرەوەدا دەرئەکەوێ، جیهان بریتیە لە کۆ و تێکڕای فاکتە لە ئارادابووەکان نەك کۆی شتەکان بەمانایێکی تر ئەوەی بەرچاوی ئێمە ئەکەوێت و ئەیبینین فاکتە نەك (شت)،

### 2-2-فاکتەکان و فاکتی بنەڕەتی(ئەتۆمی)

ئێستا دوای ئەوەی کە زانیمان جیهان لەفاکت پێکهاتووە نەك(شت) ئەشێ بپرسین، ئایە ئەوەی لە ڕووی بووناسیەوە پێی دەگوترێ "فاکت" چیەو لەچی پێکهاتووە؟

ڕاسڵ لەو پێشەکیەدا کە بۆ وەرگێرانەکەی ئۆگدنی نوسیوە ئەڵێ: ((جیهان پێکهاتووە لە فاکتەکان: فاکت گەلێک کە ناتوانرێ پێناسەیەکی وردیان بکرێ، بەڵام ئەتوانین ڕاڤەی مەبەستەکەمان بکەین بەوەی کە بڵێین ئەوە فاکتەکانن وا دەکەن گوزارەکان ڕاست بن یاخود هەڵە)) (برتراند راسل، 2021، 50)، لەم دەقەی (ڕاسڵ) ەوە ئەوەمان بۆ ڕوون ئەبێتەوە کەئەوەی لە ناو زمان دا نوێنەرایەتی فاکتەکانمان بۆ ئەکەن گوزارەکانن نەک ناوەکان هەروەها ڕاست و هەڵەی گوزارەکان وابەستەی فاکتەکانن.

ئەگەر سەیری هەموو ئەو شتانە -بە مانا باوەکەی شت- بکەین کە لەناو جیهان دا هەن وەك : دار ، مرۆڤ ، کورسی ..هتد ، ئەبینین هەم لەڕووی پێکهاتەوە ئاڵۆزن هەم هەڵگری سیفات و تایبەتمەندین و لە پەیوەندی و پەیوەستبووندان بە یەکەوە ، کەوابو ئێمە هەرچۆنێک بمانەوێت باس لەم پێکهاتە یاخود تایبەتێتی و پەیوەندیانە بکەین ئەبێ لە ڕێگەی گوزارەوە ئەم کارە بکەین بە مانایەکی تر ئەبێ بابەتێکمان (موضوع) هەبێ و بارێکی (محمول) لێ بارکەین کە پێکهاتە یان سیفات یاخود پەیوەندییە((جیهان پێکهاتووە لە جۆرەکان و نزیکایەتی و دانەپاڵ و پەیوەندی نیوان

شت و شمەکەکان، بەجۆرێک کە ناتوانرێت لە جیهاندا باسی دەستنیشان کردن بوونەوەرێك بکرێت کەتایبەتمەندی پەیوەندێتی نەبێ )) (سروش دباغ، 1393، 152).

مەبەست ئەوەیە ئێمە هەرچۆنێک بمانەوێت باس لە چییەتی بابەتێک بکەین یاخود بابەتێک بدەینە پاڵ بابەتێکی تر یان باس لە لێکچوونێك بکەین ئەوا بە پێویست(بالضرورة) ئەبێ لەناو زمان دا گوزارەیەک بەدیبهێنین، بۆ نموونە ئەگەر بمانەوێت شوناسی (شاعیری و کورد بوون ) بدەینە پاڵ (مەحوی) ئەم کارە لەناو زمان تەنها لە ڕێگەی گوزارەوە دێتە ئەنجام کە دەگوترێ (مەحوی شاعیرێکی کوردە) یان ئەگەر بمانەوێت باس لە (بوونی مێزێك لە ژورێکدا) بکەین کە لەواقعدا هەیە، وێنەی ئەم پەیوەندیە لەناو زماندا تەنها لە ڕێگەی گوزارە و دەستەواژە وە دەکێشرێت دەگوترێت (مێزەکە لە ژوورەکەدایە )ئەمە گوزارەیەکی بنەڕەتیە، وێنەی فاکتێکی بنەڕەتیە، ئەم فاکتە پێکهاتوە لە (مێزەکەو ژوورەکە )کە لە پەیوەندیدان لەگەڵ یەکتر، بەڵام ئەگەر بە جودا سەیری هەریەک لە (مێزەکە) یان (ژوورەکە)بکەین ئەبینین هەریەک لەمانە دیسان لە ڕووی ئۆنتۆلۆژیەوە فاکتن ، چونکە سادە نین (مێزەکە) پێکهاتوە لە (تەختە ، بزمار ، پێیەکانی ... هتد ) هەروەها (ژوورەکە)ش پێکهاتووە لە (دیوار، دەرگا، پەنجەرە ... هتد) هەریەک لەم پێکهاتانە دیسان فاکتن، چونکە سادە نین لە بەشی بچوکتر پێکهاتوون، بەڵام وردە وردە کەرەستەی پێکهاتەکان کەمتر ئەبنەوە و بەرەو سادەبوونی زیاتر ئەچن ((لەم شیکاریەدا بەڕوونی بۆمان دەرئەکەوێ کە شتەکان و ئەدگارەکان و پەیوەندییەکانیان ئەبن بە پێکهاتەی بنەڕەتی بۆ فاکت، کە وابوو دەتوانرێ فاکت شیکار بکرێ بۆ بەشەکانی، هەروەکو چۆن گوزارە شیکار ئەکرێ بۆ وشەکان ))( یاسن خلیل، 2014، 81) ((بەجۆرێک ئەگەر بەردوام بین لە شیکارکردنی جیهان ئەبینین پێکهاتوە لە فاکتگەلێکی لێکدراو، ئەگەر ئەوەشمان شیکار کرد ئەبینین پێکهاتووە لە فاکتگەلێکی سادەتر لەڕووی پێکهاتەوە، تاکو لە کۆتایدا دەگەین بە جۆرێک لە فاکتی سادە کە ناکرێت بۆ فاکتی سادەتر لەوان شیکار بکرێن، ئەمانەش ئەو یەکە بنەڕەتیانەن کە دواشیکارکردنمان بۆ جیهان دەگەڕێتەوە بۆی، ئا ئەمەیە ڤیتگنشتاین پێی ئەڵێ فاکتی ئەتۆمی )) (شیخ کامل محمد محمد عویصة، 1993، 134)، ((بەڵام بۆ ئەوەی دوچاری گرفتی دووبارە بوونەوە (تسلسل)نەبین ڤیتگنشتاین گریمانەی ئەوە دەکات ... لە دەرئەنجامدا ئەم فاکتە سادەو ساکارە بە شتێک کۆتای دێت کە لەڕووی لۆژیکەوە ناکرێت سادەتربکرێتەوە و جێگای ئەوە نیە دابەش بکرێت)) (سروش دباغ، 1393، 152-153).

لەکۆی هەموو ئەو قسانەی لەمەوپێش لە بارەی جیهان و فاکتەوە کرا لای ڤیتگنشتاین دەکرێت بڵێین ((ڤیتگنشتاین ئەوە ڕوون ئەکاتەوە کە فاکت (Tatsache)جیاوازە لە شت ، جیهانیش لە شتەکان پێک نەهاتووە ، بەڵکو پێکهاتووە لە فاکت، لە بەر ئەوەی شتێک نیە جوداو سەر بەخۆ بێت بەڵکو شتەکان خاوەنی تایبەتمەندێتی و ئەدگارن و لە پەیوەندی دان لە نیوان خۆیان دا ، کەوابو فاکت بە شتێک دەگوترێ کە تایبەتمەندێتیکی هەبێ یان بەشتێک کە پەیوەندی هەبێ بە شتێکی ترەوە، هەروەها بەهۆی دەستەواژەو گوزارەوە گوزارشت لەم فاکتانە دەکرێ )) (یاسین خلیل، 2014، 78).

پێویستە لێرەوە ئاماژە بەوە بکەین کە ئێمە دەڵێین فاکتی بنەڕەتی بچوکترین یەکەیە کە ناکرێت بۆ یەکەی بچوکتر شیکار بکرێت مەبەستمان لە یەکەی فاکتی یە ، ئەگەر نا فاکتی بنەڕەتیش لە ناو خۆیدا پێکهاتووە لە کۆمەڵێ شت و بابەت ((ڕەوشی شت پێکەوە بەستنەوەی بابەتەکان (شتەکان ، شمەکەکان)ە )) (لۆدفیگ فتگنشتاین، 2015، 23) ((دواتر فاکتی ئەتۆمی تەنها کەڵەکەبوونی هەڕەمەکی شتەکان نیە بەڵکو لە فاکتی ئەتۆمی دا شتەکان وەکو بازنەی زنجیر بەناویەکدا ڕۆیشتوون)) (د.رشید الحاج الصالح، 2005، 71). واتە شتەکان لە فاکتی بنەڕەتی دا لە پەیوەندی

لوجیکیدان لەگەڵ یەکتر ، چونکە هەر فاکتێک بونیادێک و شێوەیەکی هەیە ((بونیادی فاکت پەیوەستە بە فاکتی کردارییەوە کە پەیوەندی بەو شێوازەوەیە کە شتەکان لە سەری بەشێوەیەکی کرداری پەیوەستن بەیەکەوە، بەڵام وێنەی فاکت پەیوەندی بە ئەگەری پەیوەست بوونی ئەم شتانەوەیە بە گوێرەی شێوازێکی دیاریکراو لە فاکتێک دا، بەم شێوەیە بونیادی فاکت پەیوەستە بە خودی فاکتەوە، لەکاتێکدا وێنەی فاکت پەیوەستە بەو شتانەی کە ئەم فاکتەی لێ پێکهاتووە و ئەگەری گرێدانی ئەم شتانە بەم شێوەیە یان بە شێوەیەکی تر )) (د.محمد يزيد الغضبان، 2016، 36)، واتە ئامادەیی ڕیزبوون و گونجانی شتەکان بە شێوەی جیاجیا لە دروستکردنی فاکتە جیاوازەکان دا پێی دەگوترێ وێنەی فاکت، بەڵام ڕیزبوونی کردەیی (بالفعل)شتەکان و دەرکەوتن و هاتنە ئارایان ئەمە پێ ی دەگوترێ بونیادی فاکت. جا هەر ئەم ئەگەرە جۆراو جۆرەی شتەکان لە فاکتی بنەڕەتیدا وادەکات فاکتە بنەڕەتیکان جێگیر نەبن ((فاکتە ئەتۆمیەکان جێگیر نین بەڵکو گۆڕاون ،بەڵام ئەوەی جێگیرە ئەوشتانەن کە فاکتە ئەتۆمیکەیان لێ پێکهاتووە )) (عزمي اسلام،106،1968)، بۆ نموونە دەشێ لە ڕیزبوونی (پێنووس ، کتێب )دا فاکتی جۆراوجۆر دروستببن بەم شێوەی خوارەوە :

- کتێبەکە لای چەپی پێنووسەکەبێت ← فاکتی (١)
- پێنووسەکە لەنێوان کتێبەکە بێت ← فاکتی (٢)
- کتێبەکە لەسەر پێنووسەکە دانرابێت ← فاکتی (٣)

لەم سێ فاکتەی سەرەوەدا ئەبینین بونیادی (پێنوسەکە و کتێبەکە )هیچ گۆڕانکاریەکیان بەسەر نەهاتووە بەڵکو تەنها شوێنیان گۆڕاوە ئەمەش بۆتە هۆی گۆڕانی بونیادی فاکتە بنەڕەتیەکە، ((شت جێگیرە ، بونەوەرە (الموجود)، بەڵام ناجێگیر و گۆڕاوەکە ئەو بونیادەیە کەلە شتەکان پێکهاتوە )) (لودفيج فتجنشتين، 2021، 84).

ئەوەی ماوەتەوە بیڵێن ئەوەیە کە فاکتە بنەڕەتیەکان دووجۆرن ئەویش فاکتی ئەرێنیەکان و فاکتە نەرێنیکانە ((بونی فاکتێک پێی دەگوترێ فاکتی ئەرێنی نەبونیشی پێی دەگوترێ فاکتی نەرێنی یان شیاوەکی ،(کتێبەکە شینە) فاکتێکی ئەرێنیە ، بەڵام (کتێبەکە شین نیە ) فاکتێکی نەرێنییە کە بوونی نییە لە جیهانی کردەییدا، شیاوەکیە بەو مانایە دەشێ لە جیهانی کردەییدا ببێ ، کتێبەکە ئەگەر شین نەبێت لەدۆخی فاکتە نەرێنیەکە، بەڵام ئەگەری ئەوەی هەیە کە شین بێت )) (لودفيج فتجنشتين، 2021، 71)، واتە لە بارودۆخێکی تردا دەشێ کتێبەکە (شین) بێت.

### 2-3-شت:

پێویستە ئەوەمان لە لا ڕوون بێت کە دیدگای ڤیتگنشتاین ، دیدگای زانایانی فیزیک نیە، بۆیە لە هەموو تراکتاتۆس دا نابینین ڤیتگنشتاین هەوڵی ئەوەی دابێ نموونەیەک لەسەر "شت" پێشکەش بکات ((لە بارەی ئەوەی کە "شت" لە ڕووی فیزیکەوە چیە؟ و چۆنە؟ ، ڤیتگنشتاین ڕاڤە و ڕوونکردنەوەی نەداوە، روونە کە ئەم کارە بە شتێک لە دەرەوەی چوارچێوەی فەلسەفەو ، پەیوەست بە زانستی ئەزموونی ئەزانێ)) (حسين واله، 1382، 35).

ئەوەی کە ڤیتگنشتاین ئەیڵێ لەسەر (شت) بۆ خۆی گریمانکاریەکە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە زمان و ماناوە هەیە لەلای ناوبراو ((ڤتگنشتاین لە تراکتاتۆس دا ئەم بابەتەی چارەسەر نەکردووە ، دیاری نەکردووە کە چی بە نموونەی شتی سادە دادەنرێت ،ئەو لە دواییدا ئەوەی ڕوونکردەوە، لەوکاتەدا وای بیرکردۆتەوە کە ئەو لۆجیکناس بووە وەکو لۆجیکناسێک کاری ئەوە نەبووە هەوڵدا ئەوە دیاری کات ئەم یان ئەو شت سادەیە یاخود لێکدراوە)) (مارك ادیس، 1393، 66-67)، لەبەر ئەوەی ئەو دەخوازێ جیهانمان لە ڕوانگەی لۆجیک و زمانەوە بۆ وێنا بکات نەک فیزیک و زانستە

ئەزموونیەکان، هەروەکو راسل دەڵێ ((جیهانی لۆجیك لەسۆنگەی ئەوەوە کە لۆجیکیە هیچ نموونەیێك پێشکەش ناکات. لەبەر ئەوەی یەکێ لەو پێوەرانەی کە لۆجیکیەتی پرسێکی لۆجیکی پێ پێوانە دەکرێ ئەوەیە کە تۆ بۆ ئەوەی لێی حاڵی بیت، ئاتاجیت بە جیهانی دەرەوە نیە)) (د.فیصل غازی مجهول، 2009، 89)، کەوابوو پێویستی ئێمە بە ((شت)) پێویستی لۆجیکی و زمانی- یە و بوونی واتا لەزمان دا داخوازی ئەم (شتە)یە کە ڤیتگنشتاین بە (جەوهەر)ی جیهان ناوی دەبات (( شتەکان گەوهەری جیهان پێکدەهێنن ، لەم ڕووەوە ناتوانن لێکدراوبن )) ... ((ئەگەر جیهان گەوهەرێکی نەبێ ، ئەوا هەبوونی واتای گوزارەیەك وابەستە دەبوو بە ڕاستی گوزارەیەکی دیکەوە )).... ((ئیتر کێشانی وێنەیەکی جیهان (ڕاست یان هەڵە )نا کردەنی دەبوو )) ((لودویگ وتگنشتاین، 1398، 9))، کەواتە جیهان ئەبێ جەوهەرێکی هەبێ، جا بۆ ئەوەی ئەو جەوهەرە بنەڕەتی بێت پێویستە سادەبێت، چونکە ئەگەر سادە نەبێت بوونی خۆی ئەدات بە پارچە پێکهێنەرەکانی بۆیە ئەوکات لە بەردەوامی ئەم پرۆسەی شیکارکردنە دا جیهان یەکسان دەبوو بە هیچ ، جا ئەگەر جیهان ئەم جەوهەرە جێگیرو سادەیە ی نەبوایە، کە ماناداربوونی گوزارەکان وابەستەن پێیانەوە ئەو کات دەبوو بۆ یەکلاییکردنەوەی واتای هەر گوزارەیەک پشتمان بە ڕاستی و دروستی گوزارەیەکی تر ببەستایە کە ئەویش بۆ خۆی پێویستی بە گوزارەیەکی دیکە دەبوو تا ڕاستی و دروستیەکەی بسەلمێنێ ، لە کۆتایدا زمان دەبوو بە کەڵەکەبوونی گوزارەکان لە پێناوی یەکلای کردنەوەی واتای یەک گوزارەدا ،بەڵام ئەگەر گریمانەی ئەوە بکەین کە لە جیهان دا هیچ شتێکی سادە نیە کە دانە پێکهێنەرەکانی گوزارەکان کە ناوەکانن دەلالەتی لەسەر بکەن ئەوکات بابەتەکە زۆر لەوە ئاڵۆزتر دەبوو چونکە بۆ ئەوەی ڕاست و هەڵەی گوزارەی دووەم پشت ڕاست بکرێتەوە دیسان ئەبێ پێشتر واتاکەی روون بێت ، لە ئەنجام دا((ئەبێ جیهان و زمان بەر لە ڕاستی و ناڕاستی قسەکانی ئێمە پەیوەندیان هەبێ لەگەڵ یەکتردا ، جا بۆ دۆزینەوەی ئەم جۆرە پەیوەندییە پێویستە ئێمە لە نیوان ناوە سادەکان و شتە سادەکان دا بگەڕێین ، لەو جۆرە پەیوەندییەدا بەبێ ئەوەی پێویست بە ڕوونکردنەوە بکات هەر ناوێکی سادە بۆ خۆی دەلالەت لە شتێکی سادە دەکات ))( هاوارد ماونس، 1388، 32) کە دەگوترێ (دار) لەبەرامبەر ئەم (دەنگ)ەدا بونێکی دەرەکیمان هەیە بۆیە ڤیتگنشتاین دەڵێ ((تەنها ئەگەر شتەکان هەبن دەکرێ وێنەیەکی جێگیری جیهانیش هەبێ )) (لودویگ وتگنشتاین، 1398، 11)، وائەزانم تا ئێرە ئەوە ڕوونە کە بوونی (شت یاخود بابەت یان جەوهەر )ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە بوونی واتای گوزارە بنەڕەتیەکانەوە بۆیە ((ئەگەر شتەکانمان قبوڵ نەبێ ، هیچ پەیوەندییەك لەنێوان گوزارەکان و گەڕانەوە سەرووگوزارەییەکان نابێ، ئەوکات گوزارەکان بێ مانا دەبن، بە قبوڵ نەکردنی شتە سادەکان واتاداری گوزارەکانمان ڕەتکردۆتەوە ، لەم بارەیەوە ڤیتگنشتاین لە یاداشتەکانی دا گوتویەتی : ئاتاجی بە شتە سادەکان ئاتاجیە بە پێناسەی واتا )) (حامد زمانی بزوە، 1395، 31)، بۆیە ڤیتگنشتاین ئەڵێ ((ئاشکرایە ، کە جیهانێکی ئەدێشە ئەگەرچی لە هی هەڵکەوتی ڕاستەقینە جیاوازبێ دەبێ شتێکی - فۆرمێکی - هاوبەشی لەگەڵ ڕاستەقینەدا هەبێ )) (لیودفیگ فتگنشتاین، 2015،25)، ((ئەو فۆڕمە جێگیرە لە بابەتەکان پێکهاتووە )) (لیودفیگ فتگنشتاین، 2015،25)، واتە لە شتەکان پێکهاتووە، مەبەست ئەوەیە ئەگەر بمانەوێت جیهانێکی خەیاڵی یان گریمانەیی دروست بکەین ، ئەوەی هاوبەشە لە نێوانیاندا بوونی شتەکانە بەڵام ڕێکخستن و چوونە پاڵیەك و شێوە گرتنی شتەکان بەدوو شێوەی جیاواز ، جیاوازی نێوان دوو جیهانەکە دیاری دەکات ((شتەکان بە هەرچیەك بزانین لە کۆتاییدا ئەبێ پارچە پێکهێنەرەکانی جیهان بن ، لەم شیکارییە دا ئەوە بەدەست دێت کە بوونی شتەکان بەم چەشنە کەرەستەی هاوبەشی نێوان هەموو جیهانە شیاوەکیەکانە ، لەبەرئەوە کاتێک جیهانە شیاوەکیە جۆراوجۆر و جیاوازەکان بە بیری خۆمان دا دینین لە ڕاستی دا - شێوازە جیاوازەکانی ڕێکەوتن و چوونەپاڵ یەکی شتەکان کە کەرستەی هاوبەشی هەموو جیهانەکانە - بە بیری خۆمان دادێنین )) (حسین والە، 1382، 36) ، ((ڕازەکە

ئەوەیە کە شتەکان نە دەتوانرێ لەناوببرێن نە دەتوانرێ بەدیبهێنرێن لەبەرئەوە هەر چ جیهانێکی گریمانەیی دەبێ هەمان شتەکانی جیهانی واقیعی لە خۆبگرێ ، لە ڕاستی دا هەرچ جۆرە جیاوازیەك بریتیە لە گۆڕانی لێکدانی شتەکان)) (مارك ادیس، 1393، 67).

ئەوەی ماوەتەوە لێرە دا بیڵێین ئەوەیە کە شتەکان لەلای ڤیتگنشتاین هەڵگری دوو جۆرە تایبەتمەندین، ئەویش تایبەتمەندی ناوەکی و تایبەتمەندی دەرەکییە یاخود ((تایبەتمەندی وێنەیی وتایبەتمەندی ماتریالییە )) (عبدالله عبدالسلام سلحب، 2006، 67)، ((بۆ ناسینی شتێک هەرچەندە پێویست نییە تایبەتمەندییە دەرەکییەکانی بناسم، بەڵام دەبێ هەموو تایبەتمەندییە ناوەکیەکانی بناسم)) (لودویگ وتگنشتاین،13،1398)، چونکە تایبەتمەندیە ناوەکیەکان تایبەتمەندی جەوهەرین لەوشتەدا واتە ئەگەر ئەو تایبەتمەندیانە لەو شتە بسەنینەوە لەوە دەکەوێت ئەو شتە بێت کە هەیە ((هەر تایبەتمەنیەك ناوەکی یە ئەگەر نەتوانین بە بیردابهێنین ئەو شتەی پەیوەستی ئەو تایبەتمەندییە ئەوەی نەبێت ))( سروش دباغ، 1393، 59)، جگە لەوەش خەسڵەتە ناوەکی و وێنەیەکان خەسڵەتی جێگیرن بەڵام خەسڵەتە دەرەکیەکان گۆڕاو و ڕێژەیین ، ڕوکەش و لایەنی ماتریاڵی شتەکان دیاری دەکەن.((پەڵەیەک لەکایەی دیتندا پێویست ناکات سوربێت ، بەڵام دەبێ ڕەنگێکی هەبێ :دەتوانرێ ئاوا بگوترێ کە ئەم پەڵەیە لەگەڵ شوێن دا بە ڕەنگ دەورە دراوە تۆنی میوزیک بە ئەندازەیەک دەبێ بڵندی هەبێ ، بابەتی هەستی دەست لێدانیش دەبێ تا ڕادەیەک سفتی هەبێ و بەم جۆرە))( سروش دباغ، 1393، 29)، خاوەنی ڕەنگبوون ئەوە خەسڵەتی ناوەکییە ، بەڵام ئەوەی سوربێت یان زەرد بێت ئەوە خەسڵەتی دەرەکی شتە .

## 4-2 تیۆری مانا وەك (وێنە)

تیۆری وێنەیی پانتاییەکی زۆری لە تراکتاتۆسدا داگیرکردووە، هەروەها کرۆکی جیهاندیدی (فیتگنشتاین)یش بۆ زمان دەخاتەڕوو، لە سەرەتادا بەشێوەیەکی گشتی باس لە چییەتی وێنە و وێنەلێگیراو و پروسەی وێناندنمان بۆ دەکات، بەڵام مەبەستی سەرەکی فیتگنشتاین وێنەی زمانییە. لە لای ناوبراو وێنە بابەتێکە بوونی لە پێناوی خۆیدا نییە، بەڵکو تەواوی بوونی بریتییە لە نوواندنی شتێکی تر، واتە بوونی وێنە بۆخۆی بەرجەستەبوونی شتێکی تر، بۆیە هیچ شوێنێکی نییە کە بتوانی بوونی خۆی تیابنوێنێ، بەمانایەکی تر ((وێنە ناتوانێ خۆی بخاتە دەرەوەی فۆڕمی نیشاندانەکە، کە بەهۆی ئەوەوە پڕۆسەی نواندنەکە ڕوودەدات))( لوفیج فتجنشتین، 87،2021)، کەوابوو وێنەکە نوێنەرایەتی خۆی ناکات، چونکە بوونی وێنە بونێکی دەرکیە و بوونی دەرەکی (فاکتەکان)یشمان بۆ وێنا دەکات ((وێنە وەك پێوەرێکی پێوانی بوونی دەرەکییە))( لودڤیك ڤیتگنشتاین، 2015، 32)، ((تەنیا هەر خاڵە دەرەکییەکانی ئامرازی پێوان بەر بابەتی پێوانەکە دەکەون))( لودڤیك ڤیتگنشتاین، 2015، 28).

جا ئەوەی وێنەیەك دەکات بە وێنە، چییەتی پێکهاتەی ڕەگەزەکانی نییە، بەڵکو چۆنیتی پەیوەندی ڕەگەزەکانی وێنەکەیە بەیەکەوە، کە ئەم پەیوەست بوون و چوونە پاڵیەکەی ڕەگەزەکانی وێنەکە، بەمشێوە تایبەت و دیاریکراوە بۆ خۆی ئەوە نیشان دەدا کە شتەکان لە جیهانی دەرەوەدا لەهەمان پەیوەندیدان چونکە ((لە وێنەدا، پێکهاتەکانی وێنە لەگەڵ شتەکان دا لەپەیکاڵبووندان(تطابق)) ((پێکهاتەکانی وێنە نوێنەری شتەکانن)) لەڕاستیدا وێنە (ئەگەرەکانی) گونجان و پێکەوە هاتنی شتەکانمان نیشان دەدات لە دروستکردنی فاکتەکان دا، چونکە ((وێنە دۆخی شیاوەکی شت لە فەزای لۆجیکی دا دەخاتەڕوو)) (لودویگ ویتگنشتاین، 1393، 32)، لەبەر ئەوەی وێنە هەم خاوەنی بونیادە و هەم فۆڕم؛ فۆڕمی وێنە بریتییە لە ئەگەرە جۆراوجۆرەکانی گونجان و پێکەوەهاتنی ڕەگەزەکانی وێنەکە واتە (توانا و ئامادەیی دروستبوونی ئەو جۆرە پەیوەندیانە)،

بونیادی وێنەش بریتییە لە پەیوەندی هەنوکەیی و کردەیی(بالفعل) پێکهاتەکانی وێنەکە، بە وتەی ڤیتگنشتاین ((با پەیوەندی نێوان پێکهاتەکانی وێنەکە ناو بنەین بونیادی وێنە و ئەگەری ئەم جۆرە بونیادەش ناو بنەین فۆڕمی وێنە ))( لودویك ویتگنشتاین، 1393، 32) ، ئەوەی لەسەرەوە باسکرا پیشاندانی دۆخی وێنەبوو بە خودی خۆیەوە، بەڵام وێنە پەیوەندیەکی دیکەی هەیە بە جیهانی دەرەوە کە ڤیتگنشتاین ناوی دەنێ پەیوەندی وێناکردن.

((پەیوەندی وێناکردن لە پەیوەندییەکانی نێوان ڕەگەزەکانی وێنە و شتەکان پێکدێت)) (لودویك ویتگنشتاین، 1393، 15)، لەم پەیوەندیەدا باس لەوەیە کە ((وێنەکە لەگەڵ ئەو فاکتەدا هاوتایە کە ئەیخاتەڕوو، لەڕووی ڕەگەز و بونیادەوە، ڤیتگنشتاین ئەو پەیوەندییەی کە ڕەگەزەکانی وێنەکە پەیوەست دەکات بە بەرامبەرەکەیەوە کە شتەکانی ناو فاکتەکەیە ناو دەنێ پەیوەندی وێناکردن(Beziehung abbilden) هەروەها توانای ڕێکخستنی ڕەگەزەکانی وێنەکە لە شێوەی دیاریکراوی جیاجیادا ناو ئەنێ فۆڕمی وێناکردن(form Abbildung)کە هاوتای هەموو ئەو دۆخانەی واقعیە کە ئەگەری ئەوەی هەیە شتەکان تێیدا بەو شێوەیە ڕیزببن))( موریس عایق، 2021، 73)، بەڵام ئەوەی خاڵی جەوهەرییە و پێویستە زیاتر لەبەرچاو بگیرێ فۆڕمی وێنا کردنە، چونکە پەیوەندی ڕاستەوخۆی هەیە بە واتای گوزارەکان و فەزای لۆجیکی گوزارەکانەوە.

((پێویستە بزانین فۆڕمی وێناکردن لە پێناوی دوو ئامانجی گرینگ بەکار هاتووە:

یەکەمیان: ڕێگە بە فیتگنشتاین دەدرێت بۆ ئەوەی واتای وێنە لەدوای بناغە سەرەکیەکەیەوە درێژە پێبدات و لەوێنەوە بیباتە سەر زمان.دوومیان :جیاوازی فۆڕم و بونیاد(form-structure)، ڕێگەی پێدەدات تا هەلومەرجی واتاداری لە هەلومەرجی بەهای ڕاستبوون (الصدق)جیابکاتەوە، بەمەش ڕێگە چارەیەك بۆ مەتەڵی کۆنی حوکمی ناڕاست (کاذب)بدۆزێتەوە)) (سعید شاه میر، 1339، 119)، چونکە لەلای ڤیتگنشتاین((زانینی مانای گوزارە بریتییە لە زانینی هەلومەرجی ڕاستبوونی گوزارە، هەلومەرجێك کە بەتەواوی جیاوازە لە بەهای ڕاستی گوزارەکە لەم ڕووەوە، گوزارەیەك بەهۆی ئەوەی وێنەیەکی (شیاوکی)واقیعە خاوەنی واتایە، واتای گوزارەکەش جیاوازە لە ڕاستی یاخود ناڕاستی گوزارەکە. بەهای ڕاستی گوزارەکەش بەرهەمی هاوتابوونی یاخود هاوتا نەبوونی واتای گوزارەکەیە بەجیهانی دەرەوە)) ((سعید شاه میر، 1339، 21)، لەبەر ئەوەی ((ئەگەر گوزارەیەك ڕاست بێت ، لەگەڵ فاکتێك دا هاوچەشنە، واتە وێنای ئەوە دەکات کە شتەکان لە جیهان دا بە چ شێوەیەك ریزبوون، بەڵام ئەگەر ناڕاست بێت، لەگەڵ ئەوەی هیچ فاکتێك بەرامبەر ئەم جۆرە گوزارەیە نییە هێشتا هەر بەواتاداری دەمێنێتەوە)) (هانس یوها گلاك، 1388، 409).

((لەم خاڵەدا دەتوانین بە ڕوونی ئەوە ببینین کە تیۆری وێنەیی بەهۆی ئەوەی جیاوازی کرد لە نیوان واتا و ڕاستبووندا، توانی چارەسەری کێشەیەکی ئاڵۆز بکات کە ڕووبەڕووی زۆریك لە فەیلەسوفان بوو بووەوە، لەسەرووی هەمووشیانەوە ڕاسڵ و فریگە، کە ئەوەش خۆی لەم پرسیارەدا دەبینێتەوە: چۆن دەبێت گوزارەیێکی ناڕاست واتادار بێت؟)) (جمال حمود،2009 193). ڕیشەی ئەم داهێنانەی ڤیتگنشتاین دەگەڕێتەوە بۆ ئەوجیاوازییەی فریگە لەنێوان (واتا و مدلول)دا کردی کە گوتی واتا لەناوخودی گوزارەکەدایە نەک جیهانی دەرەوە، بەڵام ڤیتگنشتاین هات ئەمەی تێپەڕاند یان جوانتر بڵێین کاملی کرد بەوەی جیاوازی کرد لەنێوان (فۆڕمی گوزارە و بونیادی گوزارە) گوتی ئەگەر واتای گوزارە پەیوەست بێت بەخودی گوزارەکەوە کەواتە هەر گوزارەیەک ئەگەری ئەوەی هەبێت وێنای فاکتێک بکات واتادارە هەرچەندە هاوکاتی دەربڕینەکەی بەرامبەری دەرەکی (ما صدق)ی لەو جێگایەدا نەبێ.

هەروەکو چۆن لە تابلۆیێکدا ئەگەر ڕوخساری مرۆڤیک کێشرابێت، لێی تێدەگەین و دەزانین ئەوە ڕوخساری مرۆڤە، ئەگەرچی وێنەی ڕوخساری کەسێکی دیاریکراویش نەبێت، لەگوزارەشدا بەهەمان شێوە؛ لە گوزارەکە حاڵی دەبین ئەگەرچی بەرامبەریشی لەو جێگایەدا نەبێ، چونکە ئەگەری ڕوودانی گوزارەکە لەکات وشوێنی دیکەدا چاوەڕوانکراوە هەروەکو چۆن ئەگەری هەیە کەسێک هەبێت ڕوخساری لەوێنە کێشراوەکە بچێ.

(( ئەوەی وێنە پیشانی ئەدات بەدەر لەڕاستی و ناڕاستییەکەی بەهۆی فۆڕمی وێناکردنەکەیەوە پیشان دەدرێت)) .... ((ئەوەی وێنەکە پیشانی ئەدا واتاکەیەتی)) (لودویك ویتگنشتاین، 1393، 35)، چونکە واتا لە پەیوەندی لۆجیکی نێوان ڕەگەزەکانی گوزارەکەوە دروست ئەبێ، نەک پەیوەندی گوزارەکە بەجیهانی دەرەوە، کەواتە لەلای ڤیتگنشتاین ڕاستی و ناڕاستی گوزارەیێک جیاوازە لەواتادار بوونەکەی بۆ زانینی ڕاستی و ناڕاستی گوزارەیەک ئەبێ گوزارەکە بەراوردی جیهانی دەرەکی بکرێ، بەڵام واتاکەی پەیوەستە بە فۆڕمی لۆجیکییەوە، فۆڕمی لۆجیکیش واتە وێنەی شیاوەکی (ممکن) واقیع ((کەواتا وێنە فۆڕمی لۆجیکی هەیە کە لەوێناکردندا هاوبەشی پێدەکات لەگەڵ ئەوەی وێنای دەکات)) (لودفیج فتجنشتاین، 2021، 87)، بەکورتی لە تراکتاتوس دا گوزارە دابەش دەبێت بۆ واتادار و بێ واتا، گوزارەی واتاداریش دابەش دەبێت بۆ ڕاست و ناڕاست بەم شێوەیەی خوارەوە (( کاتێک گوزارەیێک پێکدێنین لەڕاستی دا کۆمەڵێ ناومان پەیوەستکردووە بەیەکەوە، لەگەڵ یەکێ لە ڕیزبوونە شیاوەکیەکانی شتەکان لەجیهاندا لەپەیکاڵ بووندایە. ئەگەر ئەم ڕیزبوونە لەجیهاندا بەشێوەیێکی واقیعی بەدی بێت کەواتە گوزارەکە ڕاستە، جگە لەم شێوازە ناڕاستە، بەڵام ئەگەر ناوەکانی ناو گوزارەکە بەشێوازێک بێت کە ئەگەری ئەوەی نەبێت لەجیهانی واقیعیدا بەهەمان شێوە بێت، گوزارەیێکی بێ واتا دەردەچێت))( آمینە غروی، 1385، 8).

بەڵام لەبارەی ئەوەی زمان چ جۆرە نیگارێکی جیهانمان بۆ دەکێشێت؟

چۆن زمان دەبێتە مۆدێلێک یاخود وێنەیێکی جیهانی؟

ئەو پەیوەندییە چیە لەنێوان جیهان و هزر و زماندا، کە ئەو توانایە بەزمان دەبەخشێ جیهانمان بۆ بکات بە وێنە؟

ڤیتگنشتاین ئەڵێ ((ئێمە بۆ خۆمان چەند وێنەیێکی فاکتەکان دەکێشین))( لودڤیگ ڤیتگنشتاین، 2015، 27)، ڕوونە کە ئێمە وێنەی جۆراوجۆری جیهانمان بەردەستە وەک وێنەی فۆتۆگرافی، وێنەی زەیتی و نەخشەی جوگرافی و ...هتد، بەڵام مەبەستی فیتگنشتاین لە وێنە (( هەموو ئەو فۆڕمە زمانەوانییانەیە کە ڕاستەوخۆ وەسفێکی دیاریکراو بە دیاردەیێکی ناسراوەوە لەدەرەوەی مرۆڤەوە دەبەستنەوە)) (بەختیارعەلی، 2005، 44)، ئەگەر وردتر قسەبکەین مەبەستی ڤیتگنشتاین بەتەواوی وێنەی لۆجیکەییە نەک شتێکی تر.

لە بەشەکانی پێشتر باسی ئەوەمان کردبوو کە لەلای ناوبراو جیهان لە کۆی فاکتەکان پێکدێت نەک شتەکان، هەروەکو چۆن لەبەرامبەریشەوە زمان لەکۆی گوزارە و ڕستەکان پێکدێت نەک ناوەکان، ناوەکان بەتەنها ئاماژەن بۆ شتەکان، واتایان نییە (( تەنیا گوزارەکان واتادارن؛ تەنیا لەچوارچێوەی گوزارەدایە کە ناوەکان مەدلولیان هەیە))( لودویگ ویتگنشتاین، 1393، 40)، ((ئەگەر نیشانەیێک بەکارهێنانی نەبێ، واتای نییە))( لودویگ ویتگنشتاین، 1393، 40)، لێرەدا باسەکە ڕێک لەبارەی دروست بوونی واتایە ((بەو پێیەی کە زمان وێناکردنی فاکتەکانە، واتە وێناکردنی ئەو پەیوەندییەی کە لەواقیع دا لەنێوان شتەکاندا هەیە ئەمەش لەخودی خۆیدا پەیوەندی

زمانمان به جیهانەوە پیشاندەدات))( د. عبداللە جسمی، 2005، 141)، بەمانایێکی تر شتەکان بەهۆی ئەو تایبەتێتیە ناوەکیانەی کە هەیانە لە پەیوەندیدان لەگەڵ یەکتر یاخود دەتوانن پەیوەندی بگرن لەگەڵ یەکتر، جا ئەگەری گرتنی پەیوەندییەکی گونجاوی نێوان بابەتەکان (شتەکان) -کە لەئەنجامدا فاکتەکانی لێ بەرهەم دێت – پێی دەگوتری پەیوەندی لۆجیکی یاخود فۆرمی لۆجیکی.

((وێناکردنێك ئەگەر فۆرمی وێناکردنەکەی فۆرمێکی لۆجیکی بێت، ئەوا وێناکردنێکی لۆجیکی پێ دەڵێن)) (لودویك ویتگنشتاین، 34،1393)، لێرەوە ئەکرێ بڵێن دروستی بەکارهێنانی (واژەکان) لەڕووی لۆجیکیەوە ڕەنگدانەوەی پەیوەندی لۆجیکی نێوان شتەکانی جیهانە، ((لە ڕاستیدا ئەرکی زمان بریتییە لە نوێنەرایەتی کردن و وێناکردنی فاکتەکان، فاکتەکان لەجیهاندا بەشێوەیێکی سەربەخۆ بوونیان هەیە و بەهۆی بوونی پەیوەندی نێوان شتەکانەوە دێنە ئاراوە، بۆیە ڤیتگنشتاین هزر یان وێنەی زەینی بە وێناکردنی فاکتەکان دەزانێ و هۆکاری یەکسانبوونی ئەم دووە (وێنەی زەینی واقع)بوونی یەك پێکهاتەی لۆجیکیە لەنێوان ئەو دووانەدا کە بە زمان نوێنەرایەتی دەکرێت)) (محمد حسین مهدوی نژاد و زینب شکیبی،1394، 225)، ئا ئەم پەیوەندییە لۆجیکیەی نێوان شتەکان (بابەتەکان)ە، لە مێشکی مرۆڤ دا شێوە دەگرن و تانوپۆی هزر ئەدەن و گوزارەیان لێ پێکدێت بۆیە ((بیرۆکە گوزارەیەکی واتادارە)) ((محمد حسین مهدوی نژاد و زینب شکیبی 47،1394)، هەروەها ((گوزارە وێنەیەکی بوونی دەرەکییە .گوزارە مۆدێلێکی بوونی دەرەکییە ))( لودویک ویتگنشتاین، 1398 ،44) لەدواجاریش دا ((کۆ و تێکڕای گوزارەکان زمانە))( لودویک ویتگنشتاین،41،1398)، لەم پێشەکیانەوە ئەگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە زمان وێنەی بوونی دەرەکیە، بەڵام چ جۆرە گوزارەیەکی زمان ئەم ئەرکی وێناکردنەی زمان جێبەجێی دەکات ((ڤیتگنشتاین لەو باوەڕەدایە ئەگەر ئێمە بتوانین زمان بۆ قسەکردن دەربارەی جیهان بەکار ببەین ئەبێ ئەوگوزارانەبن کە ڕاستەوخۆ پەیوەستن بە جیهانەوە ، بەشێوەیەك کە ڕاستی وناڕاستیان جیهان دەستنیشانی دەکات نەك گوزارەکانی تر.ئەم جۆرە گوزارانەی ناوناوە گوزارەی بنەڕەتی)) (محمد مهدی نژاد، 1382، 110) کە زۆرجار بە (aRb)ناوی دەبات بەو مانایەی (("a" پەیوەندییەکی دیاریکراوی بە "b" هەیە ئەمە "aRb" دەیڵێ)) (لودڤیگ ڤیتگنشتاین، 2015، 32) جا بۆ ئەوەی وێنەیەک وێنە بێت ئەبێ ئەم مەرجانەی تیابێ :-

1- ((خاڵی گرنگ لە وێناکردن دا ئەمەیە کە دەبێ ژمارەی ڕەگەزەکانی وێنەکە و وێنەلێگیراوەکە یەکسانبن بەیەك)) (محمد حسین مهدوی نژاد، 1382، 113)، واتە ژمارەی بەشەکانی گوزارە یەکسان بێت بە ژمارەی بەشەکانی فاکتەکە.

2- ((تایبەتمەندیەکانی "پێکهاتن " یان "شێوەی " گوزارە ، ئەبێ لەگەڵ تایبەتمەندی و پێکهاتن یان "شێوەی"فاکت هاوتاو وبەرامبەربن )) (ولیام دانالد هادسون، 1388، 24).

لێرەدا مەبەست ئەوە نیە شێوەی داڕشتنی ڕستەکە (نیشانەی گوزار) وەکو شێوەی داڕشتنی (فاکتە)کە بێت بۆنمونە فاکتێکمان هەیە کە (گوڵدانێك لەسەر مێزێکە)لەبەرامبەریدا گوزارەیەکمان هەیە کە نیشانەکەی بەم شێوەیە دەنوسرێت (گوڵدانەکە لەسەر مێزەکەیە )ئەگەر مەبەستی شێوەی داڕشتنەکەبوایە دەبوو بماننووسیبا : گوڵدانەکە

لەسەر

مێزەکەیە

بەڵام ئەوەی مەبەستی ڤیتگنشتاینە لەم لێکچونەدا فۆڕمی وێناکردنە ((فۆڕمی وێناکردن بریتییە لەو ئەگەرەی کە شتەکان بە هەمان پەیوەستبوونی پێکهاتەکانی وێنەکە پەیوەست بن بەیەکەوە)) (لودویگ ویتگنشتاین، 1393، 33)، ئەوەی گرنگە لەم لێکچونەدا (مانا)یە ، چونکە ((ئەوەی وێنەکە نیشانی ئەدات واتاکەیەتی)) ((لودویگ ویتگنشتاین، 1393، 35).

بەدەربڕینێکی تر ئەبێ گوزارەکە (وێنەکە)هەرچ داڕشتەیەکی هەبێ (مانا)یەك بگەێنی کە فاکتی مەبەست وێنا بکات (( فۆڕمی وێناکردنی پێویست بۆ نواندنی دۆخێکی دیاریکراوی واقیع ، بەشێوەیەکە کە تەنها ئەگەری ڕێکخستنی ڕەگەزەکانی وێنەیەکە کە پێکهاتەی بابەتەکانی فاکتەکەی تێدا ڕەنگدەداتەوە)) (مارک آدیس، 1393، 48).

٣- دەبێ هەموو ئەو ناوانەی لە وێنەکەدا هەن (مەدلولی) دەرەکیان هەبێ :

ئێمە لە باسی شیکارکردنی جیهان دا گوتمان ئەگەر جیهان جەوهەرێکی نەبوایە کە (شتە)پڕۆسەی شیکار کردن یەکسان ئەبوو بە هیچ ، ئێستاکەش ئەڵێین ئەگەر (ناوەکان) مەدلولی دەرەکیان نەبوایەکە شتەکانن، ئەوکات دەبوو مانای گوزارەیەك بە گوزارەیەکی تر روونبکەینەوە، ئەمەوێ لێرەدا ئەوە بڵێم کە وێنە باسکردنی پەیوەندی نیوان بابەتەکان (شتەکان)ە لە ڕێگای ناوەکانەوە، هەروەها مرۆڤ دەتوانێ لەڕێگەی پەیوەندی لۆجیکی نێوان شتەکانەوە چەندین وێنەی جیاواز دروست بکات چونکە ((هەموو وێنەیەك هاوکات وێنەیەکی لۆجیکییە )) (لودویگ ویتگنشتاین، 1393، 34)، واتە ئەگەر لۆجیکی نەبوو، کەواتە وێنە نیە و پەیوەندییەکە دروست نەبووە، خۆ ئەگەر وێنەکە لۆجیکی بوو ئەو کات وێنەکە یان ڕاستە یاخود ناڕاستە ((کاتێکیش ئەزانین ئەم وێنەیە راستە یاخود ناڕاستە کە بەراوردی بکەین بە فاکتەکە (واتە ڕەگەزەکانی وێنەکە بە شتەکان و پێکهاتەی وێنەکەش بە پێکهاتەی فاکتەکە))( موریس عایق، 2021، 74). جا ئەگەر وێنەکە (گوزارەکە)بوونی دەرەکی (ماصدق)هەبوو کەواتە هەم واتادارە و هەم ڕاستە ، بەڵام ئەگەر وێنەکە (گوزارە) بوونی دیاریکراوی واقعی نەبوو بەڵام شیاوی ئەوەی هەبوو بێتەدی ئەوکات گوزارەیەکی واتاداری ناڕاستە

((کەواتە ئەگەری راست و ناڕاستی گوزارەو، دیاریکردنی ئەوەی لە چ هەلومەرجێك دا ڕاستە یاخود ناڕاستە ، جگە لە دیاریکردنی مانای ئەو گوزارەیە هیچی تر نیە ))( امیر رضا جوادی، 1400، 103).

لێرەدا ئەتوانین بە نمونەیەك بابەتەکەمان ڕوونبکەینەوە لە باسکردنی پەیوەندی نێوان دوو (شت) دا کە (پێنووس) و (مێز)ە:

- (پ) ئاماژەیە بۆ (پێنووس)وەکو (شت).
- (م) ئاماژەیە بۆ (مێز) وەکو (شت).
- (⟵) ئاماژەیە بۆ (پەیوەندی) نێوان پێنووس و مێزی شت.
- (⟵.....) ئاماژەیە بە (ئەگەری پەیوەندی) نێوان پێنوس و مێزی شت.
- (.    .) ئاماژەیە بۆ (نەبونی پەیوەندی) نێوان پێنووس و مێزی شت.
- (P) ئاماژەیە بۆ پێنووس وەکو (وشە).
- (M) ئاماژەیە بە مێز وەکو (وشە).
- (R) ئاماژەیە بۆ (پەیوەندی) نێوان پێنووس و مێزی وشە.
- (**R**) ئاماژەیە بۆ (ئەگەری پەیوەندی) نێوان پێنووس و مێزی وشە.
- (.    .) ئاماژەیە بۆ (نەبوونی پەیوەندی) نێوان پێنووس و مێزی وشە.

پەیوەندی (پێنوس و مێز)وەکو شت فاکت پێکدێنێ

١- پ ← م پەیوەندییەکە بوونی واقعی هەیە (فاکتێکی لە ئارادابووە )

٢- پ ←..... م ئەگەری پەیوەندییەکی لەو جۆرە هەیە (فاکتێکی شیاوەکی یە)

٣- پ ←..... م ئەگەری پەیوەندییەکی لەوجۆرە هەیە (فاکتێکی شیاوەکیە)

٤-م. .پ پەیوەندییەکە ئەستەمە (فاکت نیە )

پەیوەندی (پێنوس و مێز )وەکو وشە وێنە پێکدێنێ :

١ - pRm وێنەیە، ڕاستە ، واتادارە

٢- pRm وێنەیە، ناڕاستە، واتادارە

٣- pRm وێنەیە ، ناڕاستە ، واتادارە

٤- p. m. وێنە نییە

دەتوانین لەم شێوە گوزارانەدا بەرجەستەیان بکەین :

1- پێنووسەکە لەسەر مێزەکەیە
2- پێنووسەکە لەناو مێزەکەیە
3- پێنووسەکە لەژێر مێزەکەیە
4- مێزەکە لەناو پێنووسەکەیە

**ئەنجام:**

1.زمان لای ڤیتگنشتاین بریتییە لە کۆو سەرجەمی ئەو گوزارانەی کە وێنای فاکتە دەرەکیەکانمان بۆ دەکات.

2.گوزارە میتافیزیکی و فەلسەفیەکان لەبەرئەوەی فاکتێکی هاوتایان نییە لەجیهانی دەرەکیدا تاوێنای بکەن، بۆیە بەگوزارەی بێواتا دادەنرێن،سەرجەم کێشە فەلسەفیەکان لەم جۆرە گوزارانەوە سەرچاوە دەگرن

3.واتا لەپەیوەندی نێوان رەگەزەکانی گوزارەوە دروست ئەبێ کە رەنگدانەوەی پەیوەندی لۆجیکی نێوان شتەکانی دەرەوەیە،بۆیە هەم لەشیکارکردنی زمان و هەم لە بەکارهێنانی زماندا پێیویستمان بە شارەزای قووڵی گرامەرو لۆجیکی زمانە.

4.کاتێك زمان ئەتوانێ هەلومەرجی واتاداربوونی تێدابێ کە واقیعمان وەکو خۆی بۆ وێنابکاتەوە

**سەرچاوەکان**

**سەرچاوە کوردییەکان**

**کتێب:**


- میهرداد میهرین،(2012)، قوتابخانە فەلسەفیەکان، و. سیدۆ داود عەلی، چاپەمەنی گەنج سلێمانی ، چاپی سێیەم، سلێمانی.

- لۆدڤیگ فیتگنشتاین، (2015)، توێژینەوەیەکی لۆجیکی فەلسەفی، و. حمید عزیز، چاپخانەی پەنجەرە، تاران.

**گۆڤارە:**

- بەختیارعلی ،(٢٠٠٥)، لەدەنگی زمانەوە بۆ بێدەنگی مانا تراژیدیای زمان و وێنە لەسەدەی بیست دا ، گۆڤاری سەردەمی رەخنە ،ژمارە یەك، سلێمانی

**سەرچاوە عەرەبییەکان:**

**کتێب:**

- لودفيج فتجشتين، (2021) رسالة المنطقية – الفلسفية، تاليف فتجنشتين، افاق للنشر وتوزيع، مصر
- بلبولة مصطفى(2010). ليدڤيج ڤيتجنشتين من لغة الكون الى اللغة الانسان، من الكتاب اللغة والمعنى، اعداد وتقديم مخلوف سيد احمد، بيروت
- د. عبد الرزاق بنور،(2007)، مقدمة تحقيقات فلسفية، لودفيك فتغنشتاين، ترجمة وتقديم وتعليق عبدالرزاق بنور، المنظمة العربية للترجمة، بيروت
- د. ياسين خليل، (2014)، المنطق و فلسفة العلوم، دار نينوى، دمشق
- د.رشيد الحاج الصالح، (2005)، المنطق واللغة والمعنى في الفلسفة فتجنشتين، دارالكيوان للطباعة والنشر و التوزيع، دمشق
- د.محمد يزيد الغضبان، (2016)، فلسفة المنطق الرمزي، مكتبة المجتمع الغلابي للنشر و التوزيع، عمان الاردن
- دكتور فيصل غازى مجهول، (2009) تحليل اللغة فى رسالة فتجنشتاين المنطقية الفلسفية، دارالكتب العلمية، بيروت
- شيخ كامل محمد محمد عويصة، (1993)، لدفيج فتجشتين, فيلسوف الفلسفة الحديثة, دار الكتاب العلمية , بيروت لوبنان
- صلاح اسماعيل، (2008)، اللغة والعقل و العالم في الفلسفة المعاصرة، رؤية للنشر والتوزيع، القاهرة
- عزمي اسلام، (1968)، لدڤيچ ڤتجنشتين نوابغ الفكر الغربى، دارالمعارف، مصر
- لذة العتيبي،(2020)، فيتغنشتاين و المعنى، منتدى المعارف، بيروت
- لودفيغ فتغنشتاين، (2020)، رسائل فتغنشتاين، ترجمة وتحرير وتعليق عقيل يوسف عيدان، دار الرافدين، بغداد

**المجلات والدوريات:**

- عبدالله عبدالسلام سلحب، (2007)، الذرية المنطقية برتراند راسل- لودفيج فتجنشتاين، مجلة جامعة سبها (العلوم الانسانيه)
- عبدالله محمد الجسمى، (٢٠٠٠)، المنطق و تصور فتجنشتين للفلسفة، مجلة عالم الفكر، مجلد 29، عدد 1
- حازم عبدالجبار حسن،(٢٠١٩)، آراء كانط المعرفية و الفلسفية، مجلة الدليل ، عدد السادس،
- جمال حمود ، (2014)، مسألة المعنى و نشأة التحليل فى الفلسفة المعاصرة ، مجلة المواقف للبحوث و الدراسات، عدد9
- جمال حمود، (2009)، فلسفه اللغه عند لودفيغ فتغنشتاين، الدار العربيه للعلوم ناشرون، الجزائر

**سەرچاوە فارسییەکان:**

**کتێب:**

- افلاطون، (1380)، دوره آثار افلاطون، جلد سوم، ت. محمد حسن لطيفى، چاپ سوم، تهران، خوارزمى
- لودويگ ويتگنشتاين، (1395)، فرهنگ و ارزش، ترجمه اميد مهرگان، چاپ چهارم، تهران گام نو
- مارک آديس،(١٣٩٣)، ويتگنشتاين (راهنماى براى سرگشتگان)، ت.همايون كاكا سلطانى، نشر پارسه، تهران
- هانس يوها گلاك، (1388)، فرهنگ إصطلاحات ويتگنشتاين، ترجمه همايون كاكا سلطانى، تهران، گام نو

- هاوارد ماونس،(1388)، در امدی بر رساله ونگنشتاین، ترجمه سهراب علوی نیا، تهران.
- ولیام دانالد هادسون، (١٣٨٨)، لودویگ ویتگنشتاین، ت. مصطفی ملکیان، نشر نگاه معاصر، تهران.

**گۆڤار:**

- امینه غروی، (١٣٨٥)، مفهوم صدق از دیدگاه ویتگنشتاین، فصلنامه اندیشه دینی دانشگاه شیراز.
- محمد مهدی نژاد، (1382)، نظریه تصویری زبان با تاکید لوازم معرفت شناختی ان، مجله نامه حکمت، شمار اول.
- محمد مهدوی نژاد، زینب شکیبی، (1394)، ارتباط زبان ومعنا درسنت فلسفهی تحلیلی با تأکید بر آراء ویتگنشتاین، مجله پژوهشها، سال9، شماره 14
- سعید شاه میر (1399)، ویتگنشتاین:نظریه تصویری گوزاره، دوو فصل نامه منطق پژوهی علوم انسانی ومطالعات فرهنگی، سال یازدەهم، شمار اول
- سید محمد موسوی ، (1389)، جایگاه زبان در فلسفه سیاسی ویتگنشتاین، دوفصلنامه علمی - تخصصی علامه نامهٔ پژوهشی فلسفه وکلام ، شمار25
- حامد زمانی بزوه، (1395)، سوژه و صورت منطقی در تراکتاتوس، مجله منطق پژوهی سال هفتم، شماره دووم.

## Sources:

1- Mehrdad Mehrin, (2012), qutabkhana falsafeyakan, u. Sedo Dawd Ali, chapamani ganj slemany, chapi seyam, slemany.
2- Lodveg Fetgnshtayn, (2015), twezhenawayaki lojeki falsafe, u. Hamed Aziz, chapkhanay panjara, taran.
3- Bakhtyar Ali, (2005), la dangi zmanawa bo bedangi mana trazhedyae zman u wena la sadasy best da, govarey sardami rakhna, zhmara yeak, slemany.
4- Ludfej Ftjshten, (2021), rsala almntqea-alflsfea, talef ftjnshten, afaq llnshr u tauzeh, msr.
5- Blbula Mustafa,(2010), ledvej vetjnshten men luxa alkun ela allugha alensan, men alketab allugha u almhna, ahdad u tqdem mkhluq saed ahmed, bearut.
6- D.Abdalrazaq Bannour, (2007), mqdama tahqeqat flsafea, ludfec ftxnshtaen, tarjma u taqdem u tahleq Abdalrazaq bannour, almnzma alarabea leltrjma, bearut.
7- D. Yassin Khalil, (2014), almntq u falsfat alhlum, dar nenwy, demashq.
8- D. Rashid Al-Hajj Al-Saleh, (2005), almntq u allugha u almahna fee alfalsa ftjnshten, dar alkewan altbahat walnashr u ltawzeh, demashq.
9- D. Muhammed Yazid Al-Ghazban, (2016), falsafa almntq alramzi, maktba almjtamh alghlabey llnashr u altawzeh, aman arden.
10- Dr. Faisal Ghazi Mjhul, (2009), tahlel allgha fee resalat ftjnshtayn almntqeat alflsfeat, dar alktb alalmea, bearut.
11- Sheikh Kamel Muhammed Muhammed uwaisa, (1993), ldfej ftjshten, felsuf alflsfeat alhadethat, dar alktab alalmeat, bearut lubnan.
12- Salah Ismail, (2008), allghat u alaql u alalm fee alflsfat almahasarat, rueat llnshr u altuzeh, alqahera.
13- Azame Islam, (1968), ldvech ftjnshten nwabgh alfkr alghrbi, darlmharf, msr.
14- Lzat alutabe, (2020), fetjnshten u almhne, mntdey almharf, bearut.
15- Ludfegh Ftghnshtaen, (2020), rsael ftghnshtaen, trjmat u threr u thleq aqel yusif hedan, darlrafeden, Baghdad.
16- Abdullah Abdulsalam Slheb, (2007), alzreat almnteqa brtrand rasl-ludfej ftjnshtaen, mjala jamha sbha(alalum alensaneat).

17- Abdullah Muhammed Aljsme, (2000), almntq u tswr ftjnshten llflsfeat, mjala alam alfkr, mjld 29, adad 1.
18- Hazm Abduljabar Hssan, (2019), araa kant almahrfea u alfalsafea, mjla aldalel,adad alsads.
19- Jamal Hamud, (2014), msalat almaney u nshat altahlel fee alfalsafea almahaserat, mjala almuwaqef llbhuth u aldrasat, adad 9.
20- Jamal Hamud, (2009), falsfa allgha anda ludfegh ftghnshtaen, aldar alarabea llelum nashrun, aljzaer.
21- Aflatoon, (1380), dura athar aflatoon, jald sum, t. muhammed hseen ltfey, chap sum, tahran, khwarzme.
22- Ludweg Wetgnshtaen, (1395), farhang u arzsh, trjma amed mhrgan, chap chharm, tahran, gam nu.
23- Mark Ades, (1393), wetgnshtaen (rahnmay bray srgshtgan), t. hmayun kaka sltaney, nshr parsa, tahran.
24- Hans Yuha Glak, (1388), frhang estlahat wetgnshtaen, trjma hmayun kaka sltaney, tahran, gam nu.
25- Haward Mawns, (1388), dr made br rsala wngnshtaen, tarjma shrab eluy nea, tahran.
26- Wleam Danald Hadsoon, (1388), ludweg wetgnshtaen, t. Mustafa mlkean, nshr ngah mhasr, tahran.
27- Amena Ghrwey, (1385), mfhum sdq az dedgah wetgnshtaen, faslnama andesha dene danshgah sheraz.
28- Muhammed Mahde Nazhad, (1382), nzrea taswere zban ba taked lwazm mahrfet shnakhte an, mjala nama hkmet, shmar awel.
29- Muhammed Mahde Nazhad, Zeanab Shkebe, (1394), artbat zban u mahna drsnt falsafaey tahlele ba taiked br arah wetgnshtaen, mjala pzhuhshha, sal 9, shmara 14.
30- Saaed Sha Mer, (1399), wetgnshtaen: nzrea taswere guzara, dw fsl nama mntq pzhuhe elum ensane u mtalaat frhange, sal yazdaham, shmar awal.
31- Sead Muhammed Musuwey, (1389), jaygah zban dr flsafa sease wetgnshtaen, dw fslnama elme-tkhsese alama namaa pzhuhshe flsafa ukalam, shmara 25.
32- Hamd Zmane Bzwa, (1395), suzha u surat mntqe dr traktatus, mjala mntq pzhuhe sal hftm, shmara duwam.